**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣

## ١٩٩٢ - بەرگی سێیەم

چاپی یەکەم ١٩٩٧

# پێڕست:


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٤) چوارشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/٩/٢٣ ـــــــ ل٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٥) دووشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/٩/٢٨ ـــــــ ل٥٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٦) سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/٩/٢٩ ـــــــ ل١٠٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٧) شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/١٠/٣ ـــــــ ل١٣٧

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٨) یەک شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/١٠/٤ ـــــــ ل١٧١

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٩) سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/١٠/٦ ـــــــ ل٢٠٧

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٠) چوارشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/١٠/٧ ـــــــ ل٢٣٧

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤١) شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/١٠/١٧ ـــــــ ل٢٧١

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٢) یەک شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/١٠/١٨ ـــــــ ل٢٩٧

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٣) شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/١٠/٣١ ـــــــ ل٣٣٧

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٤) یەک شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/١١/١ ـــــــ ل٣٦٧

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٥) دووشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/١١/٢ ـــــــ ل٣٧٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٦) سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/١١/٣ ـــــــ ل٤١٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٧) چوارشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/١١/٤ ـــــــ ل٤٥٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٨) دووشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/١١/٩ ـــــــ ل٤٩١

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی تێبینی بەڕێز عومەردەکەم، بەڵام سەرۆکایەتی چاوی لەوە نییە کە داوای قسەکردنی کردبێت.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ زۆر گرنگە، لەبەر ئەوە پێویستە لیژنەیەکی پسپۆڕ دیراسەی بکات و هەموو یاساکانی دارێژێت و، ئێمەش زۆر کادری لێهاتوومان هەیە لەبوارەدا کە پسپۆڕیان هەیە لە کشتوکاڵ و، وەکو ئێمەش دەزانین ژیانی خەڵکی کوردستان بەندە بە کشتوکاڵ، لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە بە زووترین کات یاساکانی کشتوکاڵ دابنرێن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵە، یاسایەک نییە بۆ چاک کردنی کشتوکاڵ، ئێمە واچاوەڕوان ئەکەین کە وەزارەت یاسای خۆی پێشکەش ئەکات، پاشان ئێمە کە بێت ئەینێرین بۆ لیژنەی کشتوکاڵ و، بۆ لێکۆڵینەوەی، دوای ئەوە ئاراستەی لیژنەی یاسای دەکەین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

استناداً لأحكام الفقرة(١) من المادة (٥٦)من القانون رقم(١)لسنة١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير الزراعة والري، ووافق عليه مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق.

قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ( / /١٩٩٢).

اصدار القانون الآتي:

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان پرۆژەی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری، لەگەڵ پرۆژەی لیژنەی یاسادا تەنیا لەوەی وەزارەتدا (بناء على ماعرضه) نییە. ئێمە ئەوەمان بۆ زیادە کردووە:( بناء على ماعرضه وزير الزراعة والري وافق عليه مجلس الوزراء لاقليم كوردستان)، چونکە لەمەودوا کلێشەی هەموو یاساکان بەم شێوەیە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٢

قانون

وزارة الزراعة والري لاقليم كوردستان العراق

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون.

١-الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

٢-الوزارة: وزارة الزراعة والري للاقليم.
٣-الوزير: وزير الزراعة والري للاقليم.
٤-وكيل الوزارة: وكيل وزير الزراعة والري للاقليم.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەرهیچ تێبینییەک هەیە لەسەر مادە (١)، تکایە دەست بەرزبکەنەوە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پرۆژەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ نازانم بۆچی ئەندامانی لیژنەی یاسا وشەی (اقلیم)یان بۆ زیاد کردووە؟، بۆ خۆی یاساکە وایە (قانوون وزارة زراعة والري في اقليم كوردستان)، وشەی (لأقليم كوردستان) چەند جار دووبارە کراوەتەوە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم لە پرۆژەی وەزارەتدا چۆن هاتووە نەگۆڕدرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر ئەو پێشنیارەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لاقليم) نووسراوە نەک (لاقليم كوردستان)، ئێمە ویستمان وەکو کەسایەتییەک دیاری بکەین و، رامان وا بوو کەوا (للاقليم) بنووسرێت لەسەرەوەش وشەی(اقليم) خۆی پێناسە کراوە، لەبەر ئەوە لە خوارەوە تەنیا (اقليم)نووسراوەو، نەمان گوتوە (اقليم كوردستان العراق)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو وشەی (اقليم) لابېرێت تکایە دەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ ئەیەوێ بمێنێتەوە؟. بەزۆری دەنگ پەسندکرا وشەی (إقليم) لابرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثانية: تتولى الوزارة المهام التالية:

١- وضع الخطط الزراعية بما يحقق تنمية الانتاج الزراعي بشقيه النباتي والحيواني ورعاية وتطور الغابات.

٢- تقديم الخدمات الارشادية، وتوفير مستلزمات الانتاج الزراعي والسهام في تعزيز التعاون الزراعي واجراء البحوث الزراعية التطبيقية بهدف تطوير الانتاج الزراعي في الاقليم.

٣- التخطيط للموارد المائية في الاقليم وإنشاء السدود والمشاريع الاروائية واستصلاح الاراضي وصيانتها واستغلال المياه السطحية والجوفية وتشغيل وصيانة المشاريع الاروائية ودرء اخطار الفيضانات والسيطرة على السيول واحواض الانهر.

٤- القيام بالدراسات الخاصة بمشاريع الري، ووضع التصاميم واعداد المناهج لها والعمل على تنفيذها عن طريق تشكيلاتها والاستشاريين المحليين او الاجانب.

٥- تنفيذ المشاريع الموكلة اليها مباشرة اومن قبل اجهزتها التنفيذية او المقاولين المحليين او الاجانب والاشراف على تنفيذها ومتابعتها.

٦- العمل على توفير البذور المحسنة والاسمدة الكيمياوية والمبيدات وتأمين الادوية واتباع السبل الكفيلة بزيادة الانتاج وتحسينه.

**بەڕێزحەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كاك ئەیاد خوێندیەوە ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاسایە. بڕگە (١) وەكو خۆی هاتوتە خوارێ لەگەڵ رای وەزارەت تەنیا (ورعاية تطوير الغابات) بۆ زیاد كراوە.

بڕگە (٢) لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی كشتوكاڵ جیاوازی هەیە، بۆ ئاگاداریتان تەنیا راپۆرتێكی لیژنەی كشتوكاڵ گەیشتۆتە دەستمان و، زۆر شتمان لەسەر ئەو بنەمایە داناوە.

بڕگە (٣) ئەوەی پێشنیاری ئێمە بریتییە لە بڕگە (٤،٥،٨) مان لێك داوە بڕگە (٣)مان لێ پێك هێنا، لەبەر ئەوەی هەندێ شتمان تیایدا بە زیاد زانی و، رای كۆتاییش بۆ پەرلەمانە.

بڕگە (٤)بڕگە (٦)ە لای جەنابتانە، بەرای ئێمە بڕگە (٥)بڕگە (٧) بڕگە (٦)ی ئێمە پێشنیارێكی زیادەیەو، رای دوایی بۆ پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثانية:

تتولى الوزارة المهام التالية: وضع الخطط الزراعية بما يحقق تنمية الانتاج الزراعي بشقيه النباتي والحيواني ورعاية وتطوير الغابات.

**بەڕێزحەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە لەو بڕگەیە تەنها (تهدف الوزاره) زیادە، چونكە خۆی (اهداف وزارەیە) و، (رعايە وتطوير الغابات) بۆی زیادەكراوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم بڕگەیە؟.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت مادە (٢) بڕگە (١) وابزانم ئەوەی كە وەزارەتی كشتوكاڵ خۆی نووسیویەتی تەواوترە لە هی لیژنەی یاسا، چونكە ئەو پێشنیارەی كە كراوە (رعاية تطوير الغابات) دەگەڕێتەوە بۆ (بشقيه النباتي والحيواني)، لەبەرئەوە بەرای من ئەوە لێرە زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادە (٢) برگەی (١)دا هاتووە (وضع الخطط الزراعية بما يحقق تنمية الانتاج الزراعي بشقيه النباتي والحيواني) من تێبینیم هەیە، لەم یاسایەدا ناوی سامانی کشتوکاڵ نەهاتووە، لەبەر ئەو پێشنیار دەکەم ئەم برگەیە زیاد بکرێ، ئەگەر ماوە هەیە بەعەرەبی دەیخوێنمەوە.

(العمل على احياء مشاريع الثروة الحيوانية في الاقليم وتطويرها بعد توفير المستلزمات في تشغيل كل المشاريع تربية الحيوانية وتوفيرها من خلال تحسين الانتاج الى اعلى المستويات وايجاد الاساليب العلمية في حمايتها من الامراض وكذلك الاهتمام بتشغيل المشاريع الاروائية الكبيرة والصغيرة وملحقاتها كالمحاصيل والمجازر)، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکم هەیە لەسەر مادده (٢) برگە (١) (وضع الخطط الزراعيه بما يحقق)... باسی هۆیەکانی پێشکەوتنی کشتوکاڵ نەکراوە من پێشنیار ئەکەم ئەم برگەیە زیاد بکرێ: الاهتمام برفع المستوي المعاشي والعلمي للفلاح، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو مادانەی کە لیژنەی یاسا لێکی داون و، ئێستا لەبەردەستی ئەندامانی بەڕێزە، وابزانم سەریان لێ شێواوە نازانن چۆنەوچۆن نییە؟، چونکە ئەوەی کە ئەو خوێندییەوە زۆر جیایە لەگەڵ ئەوەی کە لە ژێر دەستی ئەنداماندایە.

سەبارەت بە بایەخ دان بە سامانی ئاژەڵ، ئەوە لە کوردستان و، عێراقدا چەسپاوە کە ئاژەڵداری بکرێتە پیشەییەکی سەربەخۆ نەک وەزارەت پێی هەستێ، سوپاس.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئامانجەکانی وەزارەت باسی گەڕانەوەی جووتیارەکان نەکراوە بۆلادێکانیان، چونکە هەموو دێهاتەکان وێران کراون، پێشنیار دەکەم دوای برگە یەک ئەوە برگەیە زیاد بکرێ: (تشجيع الفلاحين العوده الى قراهم وبنائها مجددا واداء مساعدتهم فيما بعد...)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لیژنەی یاسا لاریبیان نەبێت یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی کشتوکاڵ وەڵامی پرسیارە تەکنیکییەکان بداتەوە. د. جەلال خۆتان یەکێک دیاری بکەن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

**بەڕێز د.جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەتەما نەبووم کە وەڵام بدەمەوە، لەبەر ئەوە ئامادەنەبووم بۆ پرسیارەکان، هەروەها بڕگەی نۆی: (بشقیە) لەباسی ئاژەڵدا وابزانم وەڵامی هەموو پرسیارەکان ئەداتەوە.

سەبارەت بە بابەتی بایەخدان بە فێرکردنی جووتیارەکان، وەزارەتی کشتوکاڵ ناتوانێ باری مادی جووتیارەکان دابین بکات، تەنیا ئەوەی ئەکەوێتە سەر وەزارەتی کشتوکاڵ کە مەوادی کیماویی و شتی تریان بۆ دابین بکات، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من دەقەکە زۆر باشە تەنها یەک وشە ئەگەر ماوە هەبێت زیاد بکرێت کە بگوترێ (رعایة وتطویر الغابات والمراعي الطبیعیة)، چونکە شتێکی زۆر زۆر گرنگە ئەو پاوان و، شتانەش رەچاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پرسیارانەی کەپەیوەندییان بەیاساوە هەبێت با لیژنەی یاسا وەڵامییان بداتەوە.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت (رفع المستوي المعاشي والعلمي للفلاحین) ئەوە لە (الاسباب الموجبە)دا باسمان کردووە. لە بڕگە (٢)دا کە دێت: (تقدیم الخدمات الارشادیة، الخدمات الاستشاریة). ئەم دوو وشەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی جووتیارانە.

ئەو مادەی دکتۆر خسرۆ پیشنیاری کردووە وابزانم کە دەڵێ: (الشقیة النباتي والحیواني) هەمووی دەگرێتەوە، بەڵام تایبەتمەندییەکی تێدایە ئەویش (تطویر الغابات والمراعي الطبیعیة) وەکو بەڕێز کاکەڕەش گووتی لەوەرگەی سروشتی لێ زیاد بکرێت و هەردوو سیغەیەش جایزە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوەی کە ئەڵێ (بشقیە النباتي والحیواني) هەندی جار شتی وا دێت، بەڵام بۆ سەرنج راکێشانە کە پێشکەوتنی دارستانەکان و، لەوەڕگەکان گرنگە، لەگەڵ ئەوە ئەو نەکرێتەوە بە شتی گشتی، ئەگەر بکرێ سەرپەرشتی دارستانەکان و لەوەڕگەکان بکرێتە بە مادەیەکی تایبەتی.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من کە ئەڵێن (بشقیە النباتی) وابزانم هەموو شتێکی کشتوکاڵی دەگرێتەوە ئەوەی

لەسەر زەوی بێت، چونکە ئەگەر باسی دارستان و، لەوەرگەکان بکەین دەبێ باسی بەروبووم و بستانەکانیش بکەین، لەبەر ئەوە بەرای من برگە (١) وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە لە برگە یەکدا (رعاية وتطوير الغابات) لاببرێت، بۆ ئەوەی برگەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە. کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بکرێت بە (بشقيه النباتي والحيواني)و، (رعاية وتطوير الغابات)ی لێ لاببرێت؟.

پێشنیازێک هەیە کە ئەو (والمراعي الحيوانية) بخرێتە سەر (تطوير الغابات) واتا (المراعي الحيوانية)ی زیاد بکرێت، رایەکی تریش هەیە کە دەڵێ (النباتي والحيواني) بەسە هەتا (رعاية و تطوير الغابات)یشی لێ لاببردرێت. جا ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم برگەیە وای لێ بکرێت..؟. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فقرة ٢ : تقديم الخدمات الارشادية وتوفير مستلزمات الانتاج الزراعي والاسهام في تعزيز التعاون الزارعي واجراء البحوث الزراعية التطبيقية بهدف تطوير الانتاج الزراعي في الاقليم.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی ئێمە لەگەڵ پێشنیاری وەزارەت یەک دەگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمان پێشەکییەکەی یەکە هەتا دەڵێن: (والاشراف على تطوير القوانين ومتابعة تنفيذ النشاطات المتعلقة بالاستثمار الاراضي الزراعية بهدف تطوير الانتاج الزراعي في الاقليم)، ئێمە ئەوەمان لە لیژنەی کشتوکاڵەوە بۆهاتووە بەڵام دامان نەناوە، چونکە دەرئەنجامە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە کێ تێبینی هەیە لەسەر برگەیە؟.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کشتوکاڵ زۆر گرنگە لەکوردستاندا لێرە دێڕێک هەیە من پێشنیار ئەکەم بخرێتە سەر مادەی دوو واتە ببێت بە: (الاساليب والنظم الحديثة في الانتاج والتوزيع والخزن)، ئەگەر ئەوە وەکو پێشنیازێک جێگەی دەبێتەوە بخرێتە سەری، ئەگەر نا بکرێتە مادەیەکی جیاواز، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەم پێشنیارەت بەنووسین پێشکەشی بکە.

**بەڕێز د. جـــەلال شـــەفـــیق عـــەلی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە مادەی (٢)دا دەبینین هیچ باسی ئەرکی وەزارەت ناکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەویوزار، چونکە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەم وەزارەتەیە کە پلانێکی فراوان دابنێت بۆ ئاسان کردنی جێ بەجێ کردنیی یاساکە، بەراستی خۆ ئێمە هەتا هەتایە لەسەر یاسای مادە (٩٠) ناڕۆین، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئێمە ئێستا باسی یاسای ژمارە (٩٠) ناکەین، من گوتم ئەگەر لە بارەی تەکنیکییەوە تێبنیت هەیە قسە بکە.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەم پێشنیارەی بەڕێز فەلەکەدین کردی لەسەر برگە (٦)کە ئەوەش هەر پێشنیازی ئێمە بوو: «والعمل على توفير البذور المحسنة والاسمدة الكيمياوية والمبيدات وتأمين الادوية. واتباع السبل الكفيلة بزيادة الانتاج وتحسينة» ئەمەش زیادکەین و«الاساليب والنظم الحديثة في الانتاج والتوزيع والخزن» لەگەڵ برگە «٦»دا دەگونجێت زیاد بکرێت، ئەگەر پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.جـــەلال شـــەفـــیق عـــەلی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

برگەی (٦)خۆی لەبنچینەدا زیادەیە، چونکە لە برگەی (٢)دا ئێمە باسی (مستلزماتی انتاجی زراعیمان) کردووە، چونکە برگەی (٦) هێشتا ماوە بێینە سەری لەبەر ئەوەی پێشنیارەکەی بەڕێز کاک فەلەکەدین لێرەدا جێی نابێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

لە برگەی (٢)دا جێگەی دەبێتەوە.

**بەڕێز د. جـــەلال شـــەفـــیق عـــەلی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەتوانین، بیخەینە برگەی (٢)، بەڵام شێوەکەی پێویستی بەهەندێ گۆڕین دەبێت، ئەگەر لەگەڵ لیژنەی یاسا ئەوە بڕیار بدەین، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لە پێڕەوی ناخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانییدا ئەڵێت مادە بە مادە دەنگ لەسەر یاسا بدرێت، ئێمە ئەوە برگە بەبرگە گفتۆگۆی دەکەین ئەمە یاسایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە ئەمە لەجێی خۆیەتی، بەڵام برگەکانی ئەم مادەیە دوور و درێژە، لەبەر ئەوە هەمووی ئەخوێنینەوە پاشان دێینە سەر مادە بەمادە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من لەرووی یاساییەوە نابێت دەنگدان لەسەر برگە برگە بکرێت، ئێمە دەتوانین برگەکان یەکە یەکە گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەڵام پاشان مادەکە بە گشتی بخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەکەدا هاتووە دەڵێ: (والاسهام في تعزيز التعاون الزراعي) دەبوایە بگوترایە:(والعمل على تأسيس التعاونيات الزراعية)، چونکە (اسهام في تطوير) مانی وایە دەبێت (تعاونيات) هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتێک ئێمە گوتمان کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەومادەیە بەڕێزت دەستت بەرز نەکردەوە، لەبەر ئەمە ناوی جەنابتانم نەنووسیبوو.

ئێستا دەربارەی ئەو خاڵەی بەڕێز حازم باسی کرد بزانین رای لیژنەی یاسا چی ئەڵێت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان قسەکەی بەڕێز حازم یاساییە لە پێڕەودا دەڵێ: (ويناقش موضوعات القوانين مادة مادة)، بەڵام ئێمە لەبرگە «١»دا ناکۆکین لەسەری، لەبەر ئەوە دەبێ ئەم برگەیە دەنگی لەسەر بدەین پاشان مادەکە بە گشتی دەخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز حازم و بۆ لیژنەی یاسا، لەمەودوا لەسەر ئەم شێوەیە ئەڕۆین، ئێستا تێبینی لەسەر مادەی دوو تەواو بوو. تەنیا پێشنیارەکەی بەڕێز فەلەکەدین ماوە، ئایا جێی دەبێتەوە لەم مادەیە؟.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی کشتوکاڵ ئەوەیە ئەم برگەیە زیاد بکرێت (تقديم الخدمات الاستشارية وتوفير مستلزمات الانتاج الزراعي والاسهام في تعزيز التعاون الزراعي واجراء البحوث الزراعية والتطبيقية بهدف تطوير الانتاج الزراعي في الاقليم، ومكافحة، وتوفير النشاطات المتعلقة بشأن الاراضي الزراعية بهدف تطوير)، چونکە زەوییەکی زۆر هەیە فەرمانگەکان بە کرێ داویانە بە جووتیار، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
ڕایەکەی کاک فەلەکەدین بخەینە ئەومادەیە یان نا؟.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەگەر ئێوە بڕیار بدەن ئەوەی کاک فەلەکەدین پێشنیاری کردووە، ڕای ئێمە لەگەڵ ئەو بڕگەیە کە بەگونجاوی دادەنێین، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
کێ لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژیەتی؟.. بە تێکڕای دەنگ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا پەسند کرا.
**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من یەک تێبینیم هەیە ئەویش پەیوەندیی بەلیژنەی کشتوکاڵەوە، هەیە داڕشتنەکە بەنووسین بدرێ بەلیژنەی یاسا بۆ ئەوەی جێبەجێی بکات، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەڕێز عەدنان قسەکانت زۆر ڕاستە، تکایە بۆمەسەلەی داڕشتن هەر تێبینییەکت هەیە بەنووسین بیدەن بەلیژنەی یاسا.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دوێنێ بەڕێز عومەر سەید عەلی قسەیەکی جوانی کرد کە پەلە بکەین لە دانانی یاساکان، دەبێت لیژنە هەمیشەییەکان پێشتر بیان بینێ و، توێژینەوەی لەسەر بکات، نەک لە کاتی گفتوگۆدا تێبینییەکانی بدات، سوپاس.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە لە لیژنەی کشتوکاڵدا بەپەسەندمان زانی بڕگە (٣)ی پڕۆژەی وەزات هەڵگرین (تطبیق التشریعات الخاصة بالزراعة والري)، واتە (تەتبیق)ی پێ ناوێت، چونکە ئەوە شتێکی سروشتییە ئەرکە و دەبێ جێبەجێ بکرێ، لەبەر ئەوە لە پڕۆژەی ئێمەدا پێشنیاری لیژنەی کشتوکاڵ ئەمەمان نەنوسیوە.، سوپاس.
**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بە ڕای من ئەبێ ئەم بڕگەیە بمێنێتەوە و، ئەرکە بنەڕەتییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ جێبەجێ

کردنی یاساکانی وەزارەتەکەیە، ئەوی ئێستا پەیوەندیی بە زەویوزارەوە هەیە بەرای من بەم شێوەیە بێت: (تطبیق القوانین والتشریعات الخاصة بالزراعة والري، والعمل من اجل حل مشكلة الاراضي في كوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو مادەیە بخرێتە دەنگدانەوە زیادەكەشی لابرێت و، لیژنەی یاساش لاریبان نییە لەسەر ئەمە واتا بەم شێوەیە: (تقديم الخدمات الارشادية، وتوفير مستلزمات الانتاج الزراعي واجراء البحوث الزراعية التطبيقية والاسهام في تعزيز التعاون الزراعي)، ئەمەی زیادەیە لابرێت،(المكافحة وتوفير النشاطات المتعلقة باستثمار الاراضي الزراعية بهدف تطوير مكافحة الزراعة في الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی چییە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە سەرەتا پێشنیاری خۆمان كردووە كە جێبەجێ كردنی یاساكان ئەركی هەموو وەزارەتەكانەو، بەرای ئێمە ئەمە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوای ئەوەی كە نووسراوە ئەمانەوێت بیخەینە سەر برگە (٢) (للمتابعة وتوفير النشاطات المتعلقة باستثمار الاراضي الزراعية التي تدار من الاصلاح الزراعي بهدف تطوير الانتاج الزراعي في الاقليم)، چونكە زەوییەكی زۆر هەیە كە كاتی خۆی لەلایەن وەزارەتی كشتوكاڵەوە دراوە بەجووتیاران بەشێكی بە (عقد) دراوەو، بەشێكی دراوە بە (متفرغين)، لەوانەیە لە داهاتوودا كۆمپانیای كشتوكاڵی دروست ببێت لەكوردستانداو، دەبێت وەزارەتی كشتوكاڵ و، فەرمانگەی كشتوكاڵی چاودێری و سەرپەرشتیان هەبێت لە سەر زەوی و زارەكان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

برگەی (٢) بێت یاخود برگەیەكی تایبەتی بێت؟.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەواوكەری برگەی (٢) بێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(التي تحت إدارة الاصلاح الزراعي) زیادە، چونکە (دائرەی اصلاحی زراعی) نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم رستەیە (الاصلاح الزراعي والمتابعة لتنفيذ النشاطات المتعلقة باستثمار الاراضي الزراعية). دەتوانین بیگۆڕین بیکەین بە: (بهدف تطوير الانتاج الزراعي في الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پێشنیارەکەی بەڕێز جەلال دەخەینە دەنگدانەوە ئەو زیادەیە لەسەر برگە (٢) بکرێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا کە ئەم زیادەیە بخرێتە سەر مادە (٢).

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەردەمی رژێمدا خەڵکانێک کە دەستیان رۆیشتووە هەندێ پارچە زەوییان وەرگرتووە، بەڵام ئێستا ئەوانە رایان کردووە بۆ ناو رژێم، ئایا ئەو زەوییانە ئێستا چییان لێ دەکرێ؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەوانەی کە چوونەوە ریزی دوژمن ئەوانە هەمووی موڵکەکانیان دەسەتی بەسەر داگیراوەو، ئێمە نیازمان وایە یاسایەک دادەنێین بۆ چۆنیەتیماڵەکردن بەم موڵکانە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی (٣) کاک حەسەن گووتی لیژنەی یاسا ئەوەی کەلەبەر دەمایە بەکوردییەو، جێبەجێ کردنی یاسای تایبەتە، جانازانم بەڕێز عەبدولخالق رای لەگەڵ ئەوە هەبوو؟ راتان چییە لەسەر تێبینییەکەی بەڕێز عەبدولخالق.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێبینیم کرد جیاوازی هەیە لە نێوان قسەکانی لیژنەی یاساو لیژنەی کشت وکاڵدا. من رام وایە کە وشە بچەسپێت یان، زیاد بکرێت. لیژنەکان ئەوەیان زیاد نەکردووە.

لە برگەی (٢) ی مادە (٦١)ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە: (تقوم لجنة مختصة بدراسة مشروع قانون وتصدر بشأنها توصياتها واقتراحاتها). هەروەها لە برگەی (٣)ی هەمان مادەدا هاتووە: (يرفع تقرير بالاشتراك من قبل اللجنتين وبعد صياغته من قبل لجنة الشؤون القانونية يتم اصداره خلال عشرة ايام لتاريخ اللجنتين ما لم يطلب إليهما النظر فية بصورة مستعجلة يقدم

خلال «٥» ايام). مانای وایە پێویست بەوە دەکات هەردوو لیژنەکە پێکەوە بڕیارێک دەربکەن، پاشان بیخەنەروو، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

لەوانەیە ئێمە لە سەرۆکایەتی دەورمان هەبێ لەم کەموکورتییە، بەراستی لیژنەکان بەدەوری خۆیان هەڵناستن. هیوادارم لەمەودوا باشتر ئەم کاروبارانە جێبەجێ بکەن.

ئێستا ئەو خاڵانەی کە باسمان کرد لیژنەی یاسا بڕگە (٣)ی لە پێشنیارێکی وەزارەتدا لابردووە، بەڵام بەڕێز عەبدولخالق رای وا بوو بمێنێ.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بەرای من یەکێک لە ئەرک و ئامانجەکانی وەزارەت جێبەجێ کردنی یاساکانی تایبەت بە کشتوکاڵ و ئاودێرییە، هەروەها ئامانجێکی دیکەشی (العمل من اجل حل مشكلة الارض)، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

واتە بەڕێزت لەگەڵ ئەوەی کە ئەو بڕگەیە بمێنێتەوە.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڵێ.

**بەڕێز حـازم ئەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەمە دەرئەنجامە، ئەگەر ئێمە سەیری هەموو یاسایەک بکەین لە دواییدا دەڵێت: ( على الوزراء المختصين، على الوزير تنفيذ احكام هذا القانون)، ئەوە هیچ کێشەی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدوڵلا حـاجی ئیبـراهیم عـەبدوڵلا:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە لەگەڵ رای (بەڕێز عەبدولخالق)ین کە بڕگەیەک تایبەت بێت بۆ چارە سەرکردنی کێشەی زەویوزار لەکوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لەو یاسایەدا هیچ باسی جووتیار نەکراوە، ئێمە زۆر گیرگرفتمان هەیە لەسەر زەویوزار، پێشنیار دەکەم ئاماژە بکرێت بەو کێشانەی کە لە نێوان جووتیارو خاوەن زەوییەکاندا هەیە، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم کێشانە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس دەربارەی ئەو هەستەی کەهەتانە بەرامبەر جووتیاران، بەڵام ئەمە یاسای هەیکەلی وەزارەتی کشتوکاڵە، نەک پرۆگرامێکی سیاسی وەزارەتێک بێت، یان پرۆگرامێکی سیاسی ئەنجومەنی وەزیران بێت، من بەش بەحاڵی خۆم هەروای تێ ئەگەم وابزانم هەربۆ ئەوەت بوو وادارێژراوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو بەڕێزتان فەرمووتان ئەوە یاسای هەیکەلی وەزارەتە، بەڵام ئەوپێشنیازەی ئەو ئەندامانە بۆ ئەوەیە کە وەزیری کشتوکاڵ خۆی چارەسەری کشتوکاڵ بکات، بێگومان لە تواناداا نییە دەقێک بخرێتە ناو هەیکەلی وەزارەت کە وەزیر چارەی کشتوکاڵ بکات، چونکە وەزیر ڕێگای لێ نەگیراوە هەموو کاتێک دەتوانێ پرۆژەی هەر یاسایەک پێشکەش بکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز بەختیار دەڵێت تێکهەڵچوونێک هەیە لە نێوان ڕای لیژنەی یاساوو لیژنەی کشتوکاڵ، چونکە هەردوو لیژنەکە ڕاپۆرتێکی هاوبەشیان پێشکەش نەکردووە، بەرای ئێمە ئەوە تێکهەڵچوون نییە.

ئەوەی کە لە برگە (٣)دا هاتووە کە بەڕێز عەبدولخالق باسی کرد، من لەگەڵ ئەوەدام، بەڵام بەم شێوەیە نییە ئەوەی ئێمە بەپەسەندمان زانیوە: (تطبيق التشريعات الخاصة بالزراعة والري)، (تطبيق التشريعات الخاصة بوزارة الدخلية) ئەوە پێویست ناکات. ئەوەی تر: (العمل على حل مشكلة الاراضي في كوردستان) دەگونجێ بکرێتە مادەیەک ئەگەر پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو برگەیە ناکرێت کە لادراوە. ئەو برگەیەی کەشتی لێ لابراوە با بەڕێز ئەیاد بیخوێننەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الفقرة الثالثة :-تطبيق التشريعات الخاصة بوزارة الري:

ئەوە لە پرۆژەی وەزارەتدا هاتووە لیژنەی یاسا ئەوەی پەسەندکرد کە لەگەڵی دانەنێت ک ەدەڵێ: (تطبيق التشريعات الخاصة بالزراعة والري).

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من لابچێت. سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەگەر لاتان پەسند بێت ئەم بڕگانە (٨،٥،٤)دەکەین بەیەک بڕگە، سوپاس.

بەڕێز اياد حاجی نامق:

فقرة (٢): (التخطيط للموارد المائية في الاقليم، وانشاء السدود والمشاريع الاروائية وإستصلاح الاراضي، وصيانتها وإستغلال المياه السطحية، والجوفية وتشغيل وصيانة المشاريع الاروائية ودرء اخطار الفيضانات، والسيطرة على السيول واحواض الانهر).

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی چوارەم: (التخطيط للموارد المائية وتحقيق السدود والقنوات)، پێشنیار دەکەم ئەم زیادەی بکرێتە سەری (مساقط المياة ضمن الاراضي، وسيادتها واستغلال المياة السطحية، والجوفية مساقط المياة في كوردستان واستغلال المياة السطحية والجوفية ومساقط المياة في كوردستان).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

باوەڕ ناکەم (مساقط المياه) لەدوای (سطحی) بێت، واتا هەر ئاوە لە (مساقطي المياة السطحية).

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز مەبەستمان لە (شلالاتە)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر جەلال تکایە دکتۆر ئەو شتانەی دیاری بکرێن.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەویش هەر (میاهی سطحی) ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر سەرەکەیە کە ئاوەکەی پێدا دەڕوات.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە بڕگە (٤)ە بڕگە (٦) لای بەڕێزتانە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الفقرة (٤): القيام بالدراسات الخاصة بالمشاريع الاروائية، ووضع التصاميم، واعداد المناهج لها والعمل على تنفيذها عن طريق تشكيلاتها او الاستشاريين المحليين او الاجانب.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردوو پێشنیاری پڕۆژەی وەزارەت ولیژنەی یاسا وەکو یەکە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس لەسەر ئەو بڕگەیە تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی کشتوکاڵ ئەوەیە کە بڕگەی (٤) و، بڕگەی (٥) هەریەک مانا دەبەخشن، لەبەرئەوە داوا ئەکەین کەئەو دوو بڕگەیە لێک بدرێن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

با جارێ بڕگەی (٥) بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الفقرة (٥): تنفيذ المشاريع الموكلة اليها مباشرة، أو من قبل الجهات الاخرى داخل الاقليم وخارجه بصفته مقاول اومن قبل اجهزتها التنفيذية، او المقاولين المهنيين، او الاجانب والاشراف على تنفيذها ومتابعتها.

ئێستا لە رووی یاساییەوە هیچ لاریمان نییە ئەو دوو بڕگەیە لێک بدرێن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە الری (یش) ئەگرێتەوە لێرەدا وەزارەت بووە بە (مقاول تنفيذ المشاريع الموكله اليها مباشره)پرسیارێکم هەیە، کێ تەوکیلی وەزارەت دەکات؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر جار وەزارەتی کشتوکاڵ بە سیفەی مقاول ئیشوکاری (تەنفیذی) راستەوخۆ لەوەزارەتێکی دیکەوە بۆی دێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
ببورە بەڕێز حەسەن ئێمە مەبەستمان لایەنی تەکنیکییە، با بزانین بەڕێز جەلال وەڵامی دوایی چییە؟، پاشان قسەی کۆتایی بۆ بەڕێز بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵە.
**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من کە داوام کرد کە بڕگەی (٤ ـ ٥)ی لیژنەی یاسا لێک بدرێت، چونکە ئەگەر سەیری پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ بکەین ئەرک و، ئامانجەکانیان بریتییە لە ٨ خاڵ(١و٢)لە بارەی کشتوکاڵەوەیە، بەڵام (٤،٥،٦،٧،٨)لەبارەی ئاودێرییەو، لەبەرئەوە ئەوخاڵە ئەکید لە ئاودێرییەو، لەکشتوکاڵ نییە لەبەر ئەوە لێکدانەکەیان زۆر ئاسانترە، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب/بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
هیچ جیاوازیەک نییە لە نێوان ئەوەی وەزارەت مقاوەلاتەکەی پێبسپێرێ، یاخود جێبەجێی بکات، لەبەر ئەوە لاریمان نییە ئەگەر هەردوو مادەکە لێک بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو دوو مادەیە بکرێت بەیەک مادە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا. تکایە پاشان داڕشتنی بۆ بکەن.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
الفقرة «٦» : العمل على توفير البذور المحسنة والاسمدة الكيمياوية والمبيدات وتأمين الادوية واتباع السبل الكفيلة بزيادة الانتاج وتحسينه.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەوە مادەیە؟.
**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەوە لە بڕگە (٢)دا ئەو ئەگرێتەوە کە ئەڵێن:(تقديم الخدمات الارشادية وتوفير مستلزمات الانتاج الزراعي). ئەوە وابزنم زیادە، چونکە لەو بڕگەیەدا باسی کراوە، سوپاس.
**بەڕێز د. نەبەز عەبدولکەریم عەبدولحەکیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بۆ بایەخدان زیاتر بە لایەنی پاراستنی ئاژەڵ و رووەک لە نەخۆشییەکان، پێشنیار دەکەم وشەی

(تأمين الادويه) زياد بكريّت واته بەو شيّوەيه بيّت : (تقديم الخدمات العلاجية، والوقائية، وتأمين الادوية واللقاحات لغرض تحسين زيادة الانتاج، ومكافحة الاوبئة الزراعية)، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەيد عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنيار دەكەم لەم برگەيەدا باسی سولفەدان بكريّت بۆ جووتياران، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفيق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنيارەی كە بەڕێز شێخ جەعفەر كردی راستە، ئەبێت برگەی (٦) هەر نەمێنێ، چونكە لە برگەی (٢)دا هاتووە.

سەبارەت ئەو پێشنيارەی كرا دەربارەی دروستی ئاژەڵ وابزانم ئەو برگەيە: (وضع الخطط بما يحقق تنمية الانتاج الزراعي بشقيه النباتي والحيواني) ئەو شتانە هەمووی ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە برگە (٦) تەواو بوو ئەوپێشنيارەی بەڕێز عەبدولخالق بكريّت بە برگەی (٧) حەز دەكەن بيخوێننەوە وەئەگەر رەزامەندی بكەن زيادی دەكەين.

**بەڕێز عومەر سەيد عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ببورە وەڵامی پرسيارەكەی من نەدراوە دەربارەی بانقی كشتوكاڵی كە قەرز بدات، بە جووتياران، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفيق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی بابەتی سولفە زۆر پێويستە بۆ جووتياران، ئێمە لاريمان نييە، ئەگەر ليژنەی ياسا رازی بێت دەربارەی ئەم بابەتە برگەيەک دابنێين، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە هەميشە وەزارەت، ياخود بانقی كشتوكاڵی ئەيدات، وەزارەت پەيوەنديی چييە بە ئەوە؟.

**بەڕێز د. جەلال شەفيق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سێ چوار ساڵ لەمەو بەر وەک بەبيرم بێت ئەم مەسەلەيە سەر بە وەزارەتی كشتوكاڵە بوو، بەڵام

ئێستا جیاکراوەتەوە لە هی رژێمەوە بەستراوە بەوەزارەتی دارایی و، ئێستاش نازانم ئایا بانقی کشتوکاڵی لە کوردستان دەبەسترێتەوە بە وەزارەتی دارایی و، یان بە وەزارەتی کشتوکاڵ؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێگومان سەر بە وەزارەتی دارایی دەبێت.

**بەڕێز خەسرەو گوڵ محەمەد :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێکی تر پێشنیاری خۆم دووبارە دەکەمەوە، چونکە بەراستی ڕێزم هەیە بۆ قسەکانی بەڕێز جەلال کە ئەڵێ «بشقية النباتي والحيواني»، بەڵام ئێمە کۆمەڵێ تاقیگەی ناوەندیمان هەیە، هەروەها سێ چوار جۆرە پرۆژەمان هەیە بۆ سامانی ئاژەڵ لەکوردستانداو، سامانی ئاژەڵ بەشێکی زۆر گەورەیە لەوەزارەتی کشتوکاڵدا، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم برگەیەک بۆ ئەم مەبەستە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی ئێستا هەمانە سامانی ئاژەڵ (بيطرە)یش دەگرێتەوە، لام وایە کە باسی سامانی ئاژەڵ دەکەین هەموو شتێ دەگرێتەوە.

سەبارەت بە بانقی کشتوکاڵی سەر بە وەزارەتی داراییە تا ئێستا ئەوان سولفە دەدەن بەجووتیاران، لەبەرئەوە هیچ پەیوەندییەکی نییە بەوەزارەتی کشتوکاڵەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز ئەکرم ئایا لەگەڵ ڕایەکەی د.خەسرەوی کە بایەخ بدرێت بە سامانی ئاژەڵ و، پێشخستنی بەیتەرە.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ڕاستە و، دەتوانین بڵێین سامانی ئاژەڵ و بەیتەرەش زیاد بکرێت و، بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتییەک دانراوە بەناوی (مديرية البيطرة والثروة الحيوانية) لە وەزارەتدا، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ تۆزێ لەسەر بانکی کشتوکاڵی قسە بکەم، چونکە قەرز لە ڕێگای بانکی

کشتوکاڵییەوە دەدرێت بە جووتیاران و، ئێمە تا ئێستا (٣) لقمان هەیە لە دهۆک و،سلێمانی و، هەولێر دیارە لەمەوپێش هەموویان سەربە بەغداد بوون ئێستا یەکێک لە گرفتەکانی بانقی کشتوکاڵی ئەوەیە کە لەکوردستاندا مەڵبەندێکی نییە، پێویستە ئەوە ڕێک بخرێت، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین لە ناوچەکانی (کەرکووک، چەمچەماڵ،گەرمیان) لەوشوێنانەش بەزووترین کات لقی بۆ بکرێتەوە، چونکە جووتیارەکان زۆر پێویستیان بەهاوکاری و قەرزە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە لقێک بۆ بانقی کشتوکاڵی لەکەرکووکدا بکرێتەوە، بەڵام سەبارەت بە بابەتی قەرز دەبێت پلان دابنرێت بۆ هەردوو لایەنی ئاژەڵی و، ڕووەکی، بۆ ئەوەی وەزارەت پارەی بۆ دابنێت، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی بەڕێز عومەر کردی وشەی (تطوير) زیاد بکرێت لەسەر برگە (٦) من بەباشی ئەزانم، چونکە برگەی (٦) کەموکووڕیی تیادا نییە، چونکە لە کۆتاییدا ئەڵێن (واتباع السبل الكفيلة بزيادة الانتاج وتحسينة):(بزياده الانتاج) واتە هەموو شتێ ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕیز د.جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە برگەی (٢)دا ئەڵێت: (تقديم الخدمات الارشادية وتوفير مستلزمات الانتاج الزراعي)، لێرەدا لە وشەی (زراعی) مەبەستی لە هەردوو سامانی ئاژەڵ و ڕووەکییەو، لە هەیکەلی وەزارەتیش کە لەبەردەستماندایە دوو بەڕێوەبەراتی گشتی تێدایە بۆ ئاژەڵ و ڕووەک، سوپاس.

**بەڕێز شمایل ننو بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس.**

حقيقة انا مع د .خسرو، وليس مع د .جلال في مسألة الثروة الحيوانية. الثروة الحيوانية تعمل تركيزا في شقي تنمية الاصلاح الزراعي بشقيه النباتي والحيواني على اساس الحيواني تشمل الثروة الحيوانيةو الفقرات الاخرى كلها نباتية، يجب ان نكتفي بالفقرة الاولى الثروة الحيوانية في كوردستان العراق وشكرا.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە برگەیەکی تایبەتی زیاد بکرێت بۆ سامانی ئاژەڵ تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟..بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا.

تكايە د. خسرۆ دارشتنی بۆ بكات و، بیدات بە لیژنەی یاسا بۆ زیاد كردنی.
ئەو پێشنیارەی كە بەرێز عەبدولخالق كردی، تكایە بخوێنرێتەوە تابزانین چی بوو؟.

**بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(العمل على حل مشكلة الارض في الاقليم). دەبێتە برگەیەكی تایبەتی لە دەقی مادەكەدا، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ببێتە برگەیەكی تایبەتی لەهەمان مادەدا؟.

**بەرێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای من (العمل على حل مشكلة الارض والفلاحين في كوردستان) ئەوە دەبێت یاسایەكی تایبەتی هەبێت كە چارەسەری هەموو كێشەی زەویوزار بكات، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەوانەیە وەزیری كشتوكاڵ ئەوە ئەكات بە بەرنامەو، هەوڵ ئەدات كە یاسا دابنرێت، بۆ ئەوەی بگات بە ئامانجی كە چارەسەركردنی كێشەی زەوییە.
بەرێز حازم واتا ئەوە دەتوانرێ ببێتە خاڵێک لەوزارەتدا، بۆ ئەوەی یاسایەک پێشنیار بكات بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە؟،

**بەرێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم بكرێت بە: (العمل من أجل حل مشاكل الارض في كوردستان بالسرعة الممكنة)، لەبەر ئەوە كێشەیەكی زۆر هەیە، سوپاس.

**بەرێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم بەرێوەبەرایەتیەک هەبێت بۆ چارەسەری كێشەی زەوی، سوپاس.

**بەرێز كەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم لە تەشكیلاتی وەزارەتدا دەستەیەكی بالای چارەسەركردنی كشتوكاڵ لەكوردستان دروست بێت (اللجنة العليا للاصلاح الزراعي)، بەسەرۆكایەتی سەرۆكی وەزیران و،

ئەندامەکانیشی بریتی بن لەوەزیری کشتوکاڵ و، وەزیری دارایی و، وەزیری داد چوارەم، سەرۆکی یەکێتی جووتیارانی کوردستان. ئەرکەکانی ئەم دەستەیەش بریتی بێت لە دانانی یاسای زەوی و، چارە سەرکردنی کێشەی جووتیارو، خاوەن ملک و، ئەم دەستەیە بۆ ماوەی چەند ساڵێک کار دەکات و، ئیشەکە جێبەجێ کرد نامێنێت. ئەمە هەروەکو روون کردنەوەیەک بوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. بۆ ئەو پێشنیارە نەکەین بێت بە مادەیەک؟.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم تەنها روونکردنەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دێینە سەر ئەو پێشنیارەی بۆ چارەسەری کێشەی زەویوزارو، کشتوکاڵە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکە بەو شێوەیە:

(العمل على حل مشكلة الارض في الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە چارەسەکردنی کێشەی زەویوزار هەر لە ئەرکەکانی وەزارەتە، ئەگەر مادەیەک هەبێت، یان نەبێت، لەبەر ئەوە بە پێویستی نازانم کە دەقێکی تایبەتی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری بەڕێز ئەکرم دەکەم، چونکە وەزارەتی کشتوکاڵیش کێشەی زەویوزاری هەیە دەبێ چارەسەری بکەن و، ئەوەی ناوێت بڵێین:(العمل على حل مشكلة الارض)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان لێرەدا بە وشەی (العمل) ئێمە ئەو حاڵەتانە دەستنیشان دەکەین کە پێویستی بەچارەسەری هەیەو، ئەو کاتە دەڵێین ئەرکێک لەو ئەرکانەی کەپێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ

بیخاته ئەستۆی خۆی و ، خۆی هەوڵ بدات کاری بۆ بکات، ئەو کاتە هەر یاسایەک هەبێت بێتە بەردەستی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بڕیارێک دەمێنێت بەو شێوەیە چارەسەر بکرێت کە خراوەتە روو، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر تێبینی بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران بکەین دەبنین دەقێک هەیە لەو بابەتە، وابزانم لێرە هەرچی بنووسین هەر زیادە، چونکە لە بەرنامەی وەزارییەوە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتیوانی خۆم بۆ پێشنیارەکەی بەڕێز عەبدولخالق دووبارە دەکەمەوە ئەمە شتێکی زۆر پێویستە بانقێک دابنێین، ئەگەر وابێت هیچ پێویست نییە بۆ (خبرات وارشادات)، چونکە چارەسەرکردنی کێشەی زەوی زۆر گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارێکی تریشم هەیە بۆ ئەو مادەیەو بەو شێوەیە: (تعمل الوزارة لتحسين اوضاع الفلاحين ورفع المستوى الثقافي والاقتصادي وذلك عن الطريق التوعية والارشاد الزراعي والعمل على اعادتهم الى قراهم وتقديم الخدمات)، ئەویش زۆر پێویستە، چونکە ئێستا باری جووتیار زۆر خراپە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز عەبدولخالق ئەم پێشنیارەی کە بەڕێزت خوێندتەوە لە بەرنامەی وەزارەتدا هەیەو، وەزارەتی کشتوکاڵ دەبێت هاوکار بێت بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەکەی.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر لە تواناداا بێت ئەو شتانەی کەلە بەرنامەی وەزارەتی کشتوکاڵدا هاتووە پێویستە جێگای خۆی بکاتەوە لەوەزارەتدا، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە پێشنیاری دووەمی بەڕێز عەبدولخالق هەمووی باسی لێ کراوە لە برگە (٢)ی مادەی

(٢): (تقديم الخدمات الارشادية وتوفير مستلزمات الانتاج الزراعي والاسهام)، لەگەڵ ئەو زیادانەی جگە لە یەک شت لە (اسبابی موجبەی) یاساکە ئەو مەسەلەیە بە تەواوی بە وردی ئاماژەی بۆ کراوە کە چۆن کۆمەلانی خەلکی کوردستان بگەڕێنەوە سەر گوندو دێهاتی خۆیان و، هانبدرێن، پاشان کە هاتینە سەر (أسباب موجبە) باسی ئەو مەسەلانە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا مادە (٢) دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە مادە (٢) وەکو خۆی بمێنێتەوەو، لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کە برگەیەک بخرێتە سەری سەبارەت بە سامانی ئاژەڵی و رووەکی تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثالثة- هەمان مادە (٣)ی وەزارەتە.

١-الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول الاول عن تنفيذ سياستها وممارسة الارشراف والرقابة على تنفيذ القوانين، والانظمة والتعليمات فيها، وتصدر عنه القرارات والتعليمات والاوامر ضمن مهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحيتها وسائر شؤونها الادارية والفنية ضمن حدود هذا القانون والقوانين النافذة الاخرى، وله تخويل جزء من صلاحياته الى وكيل الوزارة والمدراء العامين أو رؤساء الدوائر الرئيسية في الوزارة ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء بأعتباره عضوا متضامنا فيه.

٢-وكيل الوزراة. يتولى ممارسة المهام التي يوكلها إليه الوزير.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ماددەی«٣» تێبینی هەیە؟

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من پەیوەندیی بەمادە (٣)ی وە نییە، وابزانم ئەگەر بەو شێوەیە برۆین و، لێکۆڵینەوە لە بریاردان لەسەر یاساکان زۆر زۆر ئەکێشێ و، هێشتا ئێمە بەشی زۆری یاسای وەزارەتەکانمان باس نەکردووە پێویستە لێی گورج بین، لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە سەرۆکایەتی سنوورێک دابنێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو یاسایانە، لە کاتی گفتوگۆدا تەنیا رێگا بە ئەندامانی لیژنەی پەیوەندارو، ئەو ئەندامانە بدرێت قسە بکەن کە شارەزان لە بابەتەکەوە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بە زووترین کات یاسای وەزارەتەکان پەسند بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی د.کەمال ئەکەین بۆ ئەو تێبینییانەی کە پێشانی دا. سەرۆکایەتی پێش (٢)مانگ ئەم

کارانەی باس کرد لەگەڵ سەرۆکی هەردووک فراکسیۆن و، داوای لێ کردن کە ئەو یاسا هەرچی ئەوانەی کەلێنی ئەزانن لەو فراکسیۆنانەوە بۆ هەر یاسایەک دووکەس، یان سێ کەس دابنرێت کە ئەوان قسەبکەن، بۆ ئەوەی درێژە نەکێشێ.
ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ مادە (٣) وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الرابعة: تشكيلات الوزارة.
تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:
١ـ المديرية العامة لديوان الوزارة: وتتألف من المديريات والمكاتب التالية:-
أـ مكتب الوزير.
ب ـ مكتب وكيل الوزارة.
جـ ـ مديرية الادارة والذاتية.
دـ مديرية التدقيق والرقابة والحسابات.
هـ ـ مديرية التجهيزات الزراعية.
وـ مديرية التخطيط والمتابعة.
زـ الدائرة القانونية.
٢ـ المديرية العامة للزراعة: وتتألف من المديريات التالية:-
أ ـ مديرية البستنة.
ب ـ مديرية الغابات والمراعي.
جـ ـ مديريات الزراعة في محافظات الاقليم.
٣ـ المديرية العامة للأراضي: وتتألف من المديريات التالية:
أـ مديرية الاراضي.
ب ـ مديرية المساحة.
٤ـ المديرية العامة للبيطرة والثروة الحيوانية والسمكية: ترتبط بها المديريات البيطرة والثروة الحيوانية والسمكية في محافظات الاقليم.
٥-المديرية العامة لزراعة وتحسين التبوغ: وترتبط بها مديريات ومراكز تحسين التبوغ في المحافظات الاقليم.
٦-المديرية العامة للري والسدود: وترتبط بها مديريات الري والسدود في محافظات الاقليم.
٧-الشركات.
٨-هيئة تمييز الشؤون الزراعية.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی لەسەر مادەی (٤) هەیە تکایە.

**بەڕێز د. کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەر ئەو پێشنیارەی جاری پێشووم دووبارە دەکەمەوە کە لیژنەیەکی بەرز دابنرێت بۆ چارە سەرکردنی کشتوکاڵ لەکوردستاندا بەو شێوەیە کە خوێندمەوە: (الجنة العليا للاصلاح الزراعي)، چونکە چارەیەکی زۆر گەورەیە بۆ کێشەی زەوی لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینییەکم هەیە دەربارەی (المديرية العامة للري والسدود) بەرای من ئەمە زیادەو، پێویست ناکات بەڕێوەبەرایەتییەکی بۆ دروست بکەین لە وەزارەتی کشتوکاڵدا دەتوانین بیکەن بە (المديرية العامة للزراعة والري)، ئێستاش لە پارێزگاکان بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری پێشنیارەکەی بەڕێز بەختیار دەکەم کە: (مديرية الديوان) و (مديرية التجهيزات)، بخرێتە سەر (مديرية الزراعة والري)، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنیا ڕەخنەم لەسەر برگە (٨) هەیە (هيئة التمييز للشؤون الزراعية) دەستەی تەمییز بێگومان دەستەیەکی قەزائیەو، زۆر کێشە هەیە دەکەوێتە سەر تەمییز، ناشگونجێت تەمییز بەوەزارەت ببەسترێتەوەو، دەتوانرێت ئەم بابەتە بەدوو شێوە چارەسەر بکرێت:

یەکەم: ئەو هەیئەی تمییزە بە سەرۆکایەتی وەزارەت ببەسترێتەوە.

دووەم: یاسای وەزارەت داد ڕەچاو بکرێت لە دادگای تەمییز دەستەیەک هەبێت بەناو (دەستەی تەمییزی کشتوکاڵ)، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(٨) بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە هەیکەلی وەزارەتدا زۆرە بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان،

چونکە ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە پێویستییان بە فەرمانبەرو، کەلوپەل و، پێداویستییەکی زۆر هەیە، لەبەر ئەوە بەرای من تەنیا یەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەبوو لە بارەی بڕگەی (٧)، مەبەست لە (الشركات) چییە؟، ئەگەر بتوانرێت بۆمان روون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم بڕگە بڕگە باسی بکەین، یان هەمووی بەیەکەوە، چونکە (٦ـ٧) بڕگەیە لێرە مادەی چوار پێشنیارەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ بەرای ئێمە ئەبوایە بهاتبایە جێگای خۆی، چونکە تەشکیلاتی بنکەی وەزارەت، لەگەڵ بەڕێوەبەراتی گشتیی کشتوکاڵ وئاودێری نابێت، لەبەرئەوە من بەراستی نازانم کە هەردوو بڕگەی (٤ و ٥) لێک بدرێن.

دێینەوە سەر مادەی چوار ئەڵێت (المديرية العامة لديوان الوزارة) ئەوەی کە بەڕێز ئەیاد دەڵێ: (مكتب الوزير، مكتب وكيل الوزارة)، نابێت نووسینگەی بریکاری وەزارەت سەربە بەڕێوەبەری گشتی دیوان بێت، بەڵام ئەتوانین بڵێین: (مديرية الشؤون الادارية).

سەبارەت بە (مديرية التدقيق والرقابة والحسابات) نابێت (تدقيق ورقابه)و لەگەڵ (حسابات) یەک لێپرسراویان هەبێت، چونکە دوو لایەنی هاویەک نین ئەبێت و، دەبێت (مديرية الحسابات) بەجیا بێت و، (مديرية التدقيق والرقابة المالية) بەجیا بێت، هەروەها من لەگەڵ ئەوەدام کەوا (تخطيط ومتابعة) و(شؤوني قانووني) سەر بە دیوان بن، بەڵام (تجهيزاتي زراعي) پەیوەندیی بەدیوانەوە نییە ئەبێت بچێت بۆ (المديرية العامة للشؤون الزراعة) ئەوە پێشنیاری ئێمەیە.

لە بڕگەی (٢)دا (المديرية العامة للزراعة) بۆ ئەوەی جیای بکەینەوە لەلایەنەکانی تر پێشنیار دەکەین ببێتە،(المديرية العامة للشؤون الزراعية)، چونکە لە کۆنەوە لە عێراقدا (مديرية عامة للزراعة) هەبوو کە هەمووی لایەنەکانی دەگرتەوە.

لە بڕگە (٢)دا (مديرية الغابات والمراعي) بە هەڵە هاتووە، چونکە دەبوایە بەشەکانیشی تیایدا دیاری بکرابایە کە بریتین لە: (مديرية البستنة والخضروات، مديرية المحاصيل الحقلية، مديرية الغابات والمراعي، وقاية النباتات، التعاون والارشاد الزراعي، التجهيزات الزراعية، الانواء الزراعية او الانواء الجوية الزراعية).

لە کۆتایی بڕگە (٢)دا دەڵێت: (مديريات الزراعة في المحافظات الاقليم) بەرای ئێمە یەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت کە نوێنەرایەتی هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان بکات لە پارێزگاکاندا.

لە بڕگەی (٣)دا هاتووە، (مديرية العامة للأراضي)، پێشنیار دەکەین ببێتە (المدريرية العامة

للأراضي والتعاون)، یان (المديرية العامة للأراضي الزراعية)، چونکه له فەرمانگەی تاپۆش (المديرية العامة للأراضي) هەیە.
له برگەی (٤)دا هاتووه: (المديرية العامة للبيطرة والثروة الحيوانية والسمكية) لەو برگەیەدا وشەی (السمكية) زیادە، چونکه ئەویش هەر له زمنی ئاژەڵە، هەروەها بەرای ئێمە (مديرية العامة للبيطرة والثروة الحيوانية) ببێتە (مدرية الصحة الحيوانية)، چونکه له خوارەوە باسی بەڕێوەبەرایەتییەکان کراوە.
برگە (٥)، (المديرية العامة للزراعة وتحسين التبوغ)، پێشنیار دەکەین ببێ بە (المديرية العامة للتبوغ)، بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا بتوانین ئەم دەزگایە فراوان بکەین و،بازرگانی بە توتن بکەین.
برگەی (٦)، (المديرية العامة للري والسدود)، ئەم برگەیە بەرای ئێمە زۆر باشە، چونکه ئێمە لە کوردستاندا بەنداومان زۆرە لەوانەیە لە دوارۆژیشیدا زیاتریش بێت، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئەم بەڕێوەبەرایەتییانەی هەبێت (مديرية الشؤون الفنية، مديرية الدراسات والتصاميم، مديرية السدود والنواظم، مديرية صيانة التربة).
لە کۆتاییدا وای بەباش دەزانم کەوا دەستەی بالای چارە سەرکردنی کشتووکالمان هەبێت کەپێی ئەڵێن: (المجلس الزراعي الاعلى) کە رژێم پێش چەند ساڵێک هەیبوو ئەندامەکانی پێک هاتبوون لە وەزیرو، (٤ـ ٥) کەس پسپۆرییان هەبوو لە بابەتەکانی کشتوکاڵ، ئەو ئەنجوومەنەش سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من تێبینیەکم هەیە وەزارەتەکان کاتێک هەیکەلی خۆیان دادەنێن، سەیری هەیکەلی وەزارەتەکانی بەغداد دەکەن، بەبێ ئەوەی واقیعی کوردستان بخەنە بەرچاویان. ئێمە ئێستا لە بارودۆخێکی تایبەتیدا ئەژین و، باری ئابووریمان باش نییە، هەموومان دەزانین کە هەموو داهاتی ئێمە لەسەر گومرگە ودەبێ واقیعی خۆمان رەچاو بکەین لە دانانی بەرنامەی وەزارەتەکان، لەبەر ئەوەی بەرای من لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمان، لەگەڵ لیژنەی کشتوکاڵی وەزارەت کۆبوونەوە بکەن، بۆ ئەوەی هەیکەلێکی باش دابنێن، پاشان لە پەرلەماندا دەیخەینە گفتوگۆوە.

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارانەی کە کاتی خۆی ئێمە کردبوومان، هەمووی گۆڕاوە ئەمە مانای وایە وەزارەتەکە کەموکوریی تێ ئەکەوێت و،ناتوانێت هیچ جۆرە ئیشێک بکات.
سەبارەت بە پێشنیارەکەی د.جەلال ، من پشتگیری رایەکەی دەکەم دەڵێت تەشکیلاتی

وەزارەت بەو شێوەیە بێت: (نووسنیگەی وەزیر، نوسینگەی بریکاری وەزارەت، بەرێوەبەرایەتی گشتیی دیوان)، پێویست ناکات تەفسیلاتەکانی دیوان باس بکەین وەکو (خۆیەتی، ژمیرباری...).
سەبارەت بە (المديرية العامة للأراضي)، ئێمە لە کوردستاندا کێشەی زەویوزارمان هەیە، لەبەر ئەوە ئەم بەرێوەبەرایەتییە پێویستە هەبێت.
سەبارەت بە برگەکانی تریش: (٥ـ المديرية العامة لزراعة وتحسين التبوغ، ٦ـ المديرية العامة للري والسدود، ٨ـ هيئة التمييز) ئەمانەش هەمووی پێویستن کە لە هەیکەلی وەزارەتدا هەبن، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
داوا دەکەین هەردوو لیژنەی کشتوکاڵ و، لیژنەی یاسای پەرلەمان، لەگەڵ پسپۆڕانی وەزارەتدا کۆببنەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر هەیکەلی وەزارەتی کشتوکاڵ بە شێوەیەکی رێکوپێک دابرێژنەوە.
**بەڕێز د. جەلال شفیق عەلی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
راستە ئێمە لە بارێکی ئابووری سەختداین و، دروست کردنی بەرێوەبەرایەتی گشتی زۆر راست نییە، بەلام ئەمە پێشنیاری وەزارەت بووەو، ئێمە لە لیژنەی کشتوکاڵدا لەسەر ئەم بنەمایە ئەم بەرێوەبەرایەتییانەمان دروست کردووە، ئەمە یەک.
دوو: ئەم بەرێوەبەرایەتییانە تەکنیکین، واتا زۆر پێویستیان نییە بە بنایەو، فەرمانبەر، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئێستا ئێمە پێشنیارێکمان هەیە کە بۆ ئەم چارەسەرکردنی ئەم بابەتە، (٢) ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ و، ئەندامێکی لیژنەی یاساو، لەگەڵ نوێنەری وەزارەت کۆبوونەوە بکەن، دارشتنێکی رێکوپێک بۆ هەیکەلی وەزارەتی کشتوکاڵ بکەن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئایا ئەو پێشنیارە تەنها بۆ مادەی (٤)ە کە پەیوەندیی هەیە بە هەیکەلی وەزارەتی کشتوکاڵ؟، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەڵێ تەنها بۆ ئەم مادەیە.
جا کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان

دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بەتێکڕای دەنگ پێشنیارەکە پەسند کرا.

ئێستا دێینە سەر مادەکانی تری یاساکە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة/ يترأس كل مديرية عامة موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية من ذوي الخبرة والاختصاص.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە پڕۆژەی وەزارەتدا مادەی (٦)ە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟..کەس.. کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة السادسة:

مادەی (٧) لە پڕۆژەی وەزارەتدا.

١- للوزير تشكيل هيئات أو لجان دائمية او موقتة لتنفيذ مهام معينة.

٢- تحديد بنظام تشكيلات الوزارة، وواجبات وصلاحيات المديريات العامة، والمديريات التابعة لها والهيئات والمراكز.

٣- للوزير استحداث شعب ضمن المديرايات، وكلما دعت الحاجة الى ذلك.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٦) وەکو خۆی بمێنێتەوە.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ کەس، بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة السابعة:

تؤول جميع الحقوق والالتزامات للتشكيلات التي كانت مرتبطة سابقا بوزارة الزراعة والري في المركز الى وزارة الزراعة والري في الاقليم.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەو مادەیەمان بۆ روون بکەنەوە، بۆ ئەوەی بزانین ئیلتزاماتی دارایی وەزارەتی کشتوکاڵ چۆنە دەربارەی ئەم قەرزوقۆڵەی کە خەڵک هەیەتی لەسەر وەزارەت، ئایا ئەچێتە ژێر ئەو ئیلتیزاماتە یان، نا؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێگومان زۆربەی زۆریی وەزارەتی کشتوکاڵ خاوەن قەرزەو، قەرزی داوەتە خەڵکی بەغدا، هەتا قەرزیش بێت هاوولاتی چ گوناهی هەیە کە شتی لێ بروات، بۆیە هەموو ماف و ئەرکەکانی وەزارەتی کشتوکاڵی کۆن دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵی ئێمە کە پابەند دەبێت پێی، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە تەنها وشەی (الحقوق) بێت و، وشەی (التزامات) لا بچێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە هەر وشەی حقوق دابنرێت و، وشەی (إلتزامات) لابچێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری بەڕێز عەدنان ئەوە بوو کە وشەی (حقوق) بمێنێتەوە، بەلام ئیلتزامات لابرێت. تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

(تؤول جميع الحقوق للتشكيلات التي كانت مرتبطة سابقا بوزارة الزراعة والري في المركز الى وزارة الزراعة والري في الاقليم). وشەی (إلتزامات)مان لابرد، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو پێشنیار هەیە یەکێک ئەوەیە کە مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوەی تریان وشەی (إلتزامات) لابرێت، ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وشەی (إلتزامات) لابرێت لەو مادەیە، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..

دەست بەرز کرایەوە .. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٧) پاش لابردنی وشەی التزامات وەکو خۆی بمێنێتەوە، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة الثامنة:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە (٨) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ مادە (٨) پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة التاسعة:

ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية وينفذ اعتبارا من تاريخهِ.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

(ينفذ اعتبارا من تاريخه) تکایە ئەمە روون بکەنەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

(ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية وينفذ اعتبارا من تأريخه) واتـا (من تاريخ النشـر) ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (نشر).

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسا، ئەو مادەیە بۆ هەموو یاساکان وەکو یەکە.

**بەڕێز مـــەلا مـــحـــەمـــەد شـــەریف تاهـیـــر:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

پێشنیـار دەکەم سیغەکە بەم شێوەیە بێت: (ينفذ هذا القانون واعتبارا من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية) لەبەر ئەوەی سیغەکەی لە یاساکەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

وابزانم ئەوەی کە بەڕێزت فەرمووت هەتا ئێستا هەروابووەو، لیژنەی یاسا رایەکیـان هەیە، بەڵام بەدوای داچوونەو، ئەم داڕشتنە تازەیەو، جاران نەمان بووە.

**بەڕێزحـــەســـەن عـــەبدولـکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

یەکـەم جـار دەبێت پەرلەمـان فـەرمـان بدات لەو رۆژنامـەیەدا بڵاو بکرێتـەوە ئەو کـاتە یاسـاکە جێبەجێ دەبێت، چونکە بڵاو کردنەوەی یاسا زۆر پێویسـتە، لەبەر ئەوە لە هەمـوو یاسایەکدا مـادەیەک هەیە دەڵێت: (ينفذ هذا القانون في الجريدة الرسمية وينفذ اعتبارا من تأريخه، أو

من تاريخ نشره)، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر روون ببێتەوە دەتوانین بڵێین: (ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية وينفذ اعتبارا من) لەجیاتی (من تاريخة من تاريخ نشرة)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەو دەقەی لیژنەی یاسای خوێندیەوە؟، بەمەرجێک ئەو دەقە بچەسپێت بۆ هەموو یاسایەک.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا جیاوازی هەیە لە داڕشتنی دەقەکەی پێشوو، لەگەڵ ئەو داڕشتنەی کۆتایی لیژنەی یاسا، چونکە لە دقەکەی یەکەم ماوە دیاری نەکراوە بۆ جێبەجێ کردنی یاساکە، بەڵام لە دەقی دووەمدا پەرلەمان فەرمان دەدات کە یاساکە جێبەجێ ببێت و، ماوەکەی دیاری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری ئەو رایە دەکەم کە هەردوو مادەکە جیاوازن لەیەک، چونکە لەیەکێکیان تەنیا بڵاو کردنەوەیە، ئەوەی تریان بۆ جێبەجێ کردنە، پێویستە ئەو دوو مادەیە هەردووکی بکرێت بەیەک مادە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای من راسترە بڵێین (ينفذ اعتبارا من تاريخ نشرة في الجريدة الرسمية)، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە دەڵێت (ينفذ إعتباراً من تاريخ نشرهِ في الجريدة الرسمية)، سوپاس

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی هەر هەمووی یەک مانا دەگرێتەوە، بەڵام شتێک هەیە پێی دەڵێن زنجیرەی مەنتقی، چونکە یاسا بڵاو دەکرێتەوە پاشان جێبەجێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا دەڵێن زۆر جیاوازی نییەو، راشهاتووین لەسەر دەقەکە کۆنەکە، هەندێ لە ئەندامانی لیژنەی یاسا رایان وایە هەر لەسەر دەقە کۆنەکە بڕۆین، چونکە ئەم دەقە یاساییەو، تاکو ئێستاش (٥ـ ٦) یاسای پێ دەرچووە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بالیۆزنەی یاسا خۆیان لەسەر یەک دارشتن بۆ ئەو دەقە ڕێک بکەون و، پاشان بیخەنە روو، بۆ ئەوەی ئێمە لێرە وەختی پێ نەکوژین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سبەی باسی دارشتنی ئەم دەقەو، هۆکارە پێویستییەکان (الاسباب الموجبة) دەکەین.

دانیشتنی ئەمرۆمان کۆتایی پێهات، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

٣ـ پشتگیری دەکەن لەپێشنیاری ئێمە بۆ مارشانی پلانێکی بچووک بۆ ئاوەدانکردن و گەشەپێدانی کوردستان.
٤ـ هەوڵ دەدەن کە تورکیا ئیجابی تر بێت لەگەڵمان و ماوەی پاراستنی کوردستان تازە بکرێتەوە.
٥ـ هەوڵ دەدەن لەگەڵ تورکیا بۆ ئەوەی سوود لەرێگای ئاسمانی وەربگرن بۆ گەیاندنی یارمەتی.
٦ـ هەوڵ دەدەن کوردستانی عێراق ئیستسنا بکرێت لە ئابلوقەی ئابووری بۆ گەیاندنی هەمووشتێک.
٧ـ بۆ مانگی (١/ ١٩٩٣) نووسراوە وەفدێکمان دەعوەت دەکەن بۆ کۆبوونەوە (SA) لە جنایە خاڵێکیان کێشەی کوردە.
٨ـ تەئکید لەسەر رەزامەنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەکەن بۆ مەسەلەی فیدراڵی وتەئکید لەسەر ئەوە دەکەن کە ئێمە دەبێت پەیوەندیمان لەگەڵ تورکیادا زۆر باش بکەین.
٩ـ وەفدێکی حکومی (SPD) لەبەهاری داهاتوودا دێن بۆ کوردستان.
١٠ـ تەئکید دەکەنە سەر هاوکاری کردنیان بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەویش بۆ سەرکەوتنی ئەو ئەزموونە دیموکراتیبە کوردستان و، چەند لیستەیەکی حکومەتی کوردستانماندایە پەرلەمانی هەردوو هەرێمی نیدەرساکسن و نۆرت راین ڤێس ڤالن و ئەوانیش بەڵێنیان دا کە لێتوێژینەوەی لەسەر بکەن و لە ئەنجامەکەی ئاگادارمان بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک بارزان بە راستی ئەو چالاکیانەی کە وەفدەکە کردوویانە جێگای دڵخۆشیمانە، وهیوامان وایە ئەو بەرنامانە جێبەجێ بکرێن، ئێستاش ئەگەر لیژنەی یاسا بفەرموون بۆ خوێندنەوەی پاشماوەی یاسای کشتوکاڵ وابزانم لەسەر مادەی (٩) وتمان بگەینە دارشتنێکی تەواو، چونکە لیژنەی یاسا خۆیانیش لە نێوان خۆیاندا دوو راییان هەبوو لەسەر ئەو دارشتنە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الاسباب الموجبة : لكون اقليم كوردستان العراق منطقة زراعية على مدي العصور السحيقة لغرض تطوير الانتاج الزراعي والحيواني والاهتمام بمصادر المياه في الاقليم والمشاريع الاروائية وتطويرها لهدف ريادة الانتاج وتحسين نوعيته وتنمية الانتاج الزراعي والحيواني مما يحقق الاستخدام الامثل لامكانياتها المادية والبشرية في الاقليم لغرض تهيئة الاجواء الملائمة لاعادة الاعمار القرى وقصبات كوردستان المهدمة وتحقيق الاكتفاء الذاتي في الانتاج الزراعي والحيواني في الوقت الحاضر وتشجيع الساكنين لتلك القرى للعودة الى مناطقهم واحيائها وزراعتها فقط شرع هذا القانون.

ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بوارم پێبدات کە ئەسباب موجبەی پرۆژەی یاسای وەزارەت بخوێنمەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الاسباب الموجبة: تطبيقاً لسياسة حكومة اقليم كوردستان ولغرض تكامل الانشطة الزراعية والاروائية وباتجاه زيادة الانتاج وتحسين نوعية وتنمية الانتاج الزراعي وتطوير المواد المائية بمايحقق الاستخدام الامثل للامكانيات المادية والبشرية في الاقليم فقد شرع هذا القانون.

ئەمەیان ئەسبابی موجەبەی پرۆژەی وەزارەت بوو.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەرۆکایەتی ئەنجوومەن پرسیارێکی هەیە لەسەر ئەسبابی موجەبە باسی ئەوە کراوە کە ئەم وەزارەتە وەزارەتێکی نوێیە و، تازەش لە کوردستاندا دادەمەزرێ، هەتاکو لە کاتی ڕژێمیشدا ئەم وەزارەتە نەبووە.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

چونکە مادەی (٤)ی یاساکە هێشتا تەواو نەکراوە ، دەبوایە مادە (٤)تەواو بوایە، پاشان ئەسباب موجبەکەی لەگەڵدا هاتبایە، پێموایە باشتر دەبوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەم ئەسباب موجەبەیە هیچ ناکۆکیەکی نییە لەگەڵ مادە (٤)دا، چونکە ئەم ئەسباب موجەبەیە دێتەوە سەر مادەی (٤).

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێموایە ئەو ئەسبابی موجەبەی کە بەڕێز کاک ئەیاد خوێندیەوە، ئەوە خۆیان ئامادەیان کردووە نەک وەزارەت شتێکی پاکە وحەق وایە ئەوە پەسەند بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێستا کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەسبابی موجەبە؟.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەئەسبابی موجەبەدا، بە چاک و بەخراپ باسی تەسنیعی زراعی نەکراوە، وابزانم تەسنیعی زراعیش لەوکاتەدا کە ئێمەش پیا تێدەپەڕین شتێکی زۆر گرنگە وەدەبێت هەوڵی بۆ بدەین، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەسبابی موجەبە نابێت بە شێوەی داڕشتنەوە بێت، دەبێت بە شێوەیەکی یاسایی بێت، مادام

دانراوه دەبێت لە میبیانی یاساکەدا بێت و، روون کردنەوەی یاساکەی تیادا بێت ،سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە تێبینییەکەی بەڕێز هێرۆخان، ئەگەر یەکێ لەلیژنەی کشتوکاڵ وەڵامان بداتەوە، د. جەلال فەرموو.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دان بەوەدا دەنێم کە ئێمە لەبیرمان چووبوو باسی ئەو بابەتە بکەین، بەرای من پێویستە بیخەینە ئیشوکاری وەزارەتی کشتوکاڵەوە کەوا کۆمەڵگای کشتوکاڵی پیشەسازی بکەنەوە، کە ئەو کارگە بچووکانە دەگرێتەوە کەوا دەتوانین لە ناوچە کشتوکاڵییەکاندا بەکاری بێنین، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ نموونە ئێستاکە کۆمپانیای (MPKO) هەیە لە ناوچەی رانیە، بە هاوکاری ڕێکخراوی کاردۆی کشتوکاڵی وا خەریکی دروست کردنی کارگەی گوڵەبەڕۆژەن، بۆ ئەوەی ئەو گوڵەبەڕۆژەی کە لە ناوچەی رانیە دێتە بەرهەم ، لەو کارگەیەدا رۆنی لێدەربهێنین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەسنیع ئیشی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری نییە، بەڵکو ئیشی وەزارەتی پیشەسازی و وزەیە، هەموو کارگەیەک سەربە وەزارەتی پیشەسازی دەبێت، هەتاکو ئەگەر مەوادی کشتوکاڵیش بەکار بێنن، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رایەکەی بەڕێز کاک فرەنسۆدام، بەلام ئەوکارگانە کە لە دێهاتەکاندا دادەمەزرێن، بەشێوەی پیشەسازی گەورە نین کەوا وەزارەتی پیشەسازی خۆی پێوە سەرقاڵ بکات و، ماوەی ئیشەکانیان ماوەیەکی کەمە هەر لە خەڵکی ئەو گوندانە خۆیان بۆ ماوەیەک ئیشی تیا دەکەن تا ئەو بەرهەمەی کەوا هەیانە هی ناوچەکەیانە تەواو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کارگەی دروست کردنی رۆن لە گوڵەبەڕۆژە رۆڵێکی زۆر باش هەیە، بەلام پێموا نییە کارگەیەکی بچووکە کاتییش بێ تەنها بۆ زستانە ئەوەی کە بەڕێز د.جەلال وتی ئەوە ناگرێتەوە و، چونکە کارگەیەکی گەورەیە بۆ هەمیشەییە.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم کارگانە دوو جۆرن جۆرێکیان هەیە هەر تایبەتی لە ناو لادێکاندا دروست دەکرێت، وەکو ئامێری گوشین، بۆ دەرهێنانی ڕۆنی گوڵەبەڕۆژە و ئاوی تەماتە وزۆر شتی تریش، ئەوانە هەمووی کارگەی زۆر بچووکن و هیچ پەیوەندییان بە وەزارەتی پیشەسازییەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بەو کارگە بچووکانە، ئایا پێویست نییە ئێمە هانی کەرتی تایبەتی بدەین کە بەو کارانە هەستن؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوێنێ گفتوگۆی یاساکەمان کرد و، دەنگیشی لەسەر درا تەنها ئەو مادەیەی کە پەیوەندیی بە هەیکەلی وەزارەتەوە بوو مایەوە، ئەمەیەک بەڕێز د.جەلال فەرمووی کە لەوێدا لەبیرمان چووبوو. سەبارەت بە لیژنەی یاساش ئەوە بەگوێرەی پرۆگرام روونە کە ئیشی ئێمە چییە؟ ئێمە دەڵێین خۆزگە لە بیری نەچوایە هەرچەندە راپۆرتێکی زۆر ڕێکوپێکیشە، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەم کارگانە دەبێ سەر بە وەزارەتی پیشەسازی بێت، وەکو کارگەی جگەرە کە کارگەکە خۆی سەربە وەزارەتی پیشەسازییە، هەرچەندە تووتن سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێی ئەو تێبینییەی کە لیژنەی یاسا دەیڵێت، ناتوانین ئەومادەیە بخەینە جێگایەکی ترەوە مەگەر بە پێی هەیکەلەکەی بخرێتە مادەی چوارەمەوە .

مادەی چوارەم: دوێنێ پێشنیارێک هەبوو لە سەرۆکایەتییەوە کەوا لیژنەیەک لێتوێژینەوەی لەسەر بکات، بریتی بێت لە لیژنەی کشتوکاڵ و لیژنەی یاسا ولەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵیدا باسی بکرێت، جا ئەگەر تەواو بووە بۆمانی بخوێننەوە بۆ ئەوەی کە تێبینییان چییە لەسەری بڵێن وبریاری لەسەر بدەین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ لیژنەیەک بۆ ئەم مەسەلە دانرا، ئێستاش مادەی (٤)دەخوێنینەوە:

المادة الرابعة: تكون تشكيلات مزكز الوزارة والمديريات العامة كمايلي:

١ـ مكتب الوزير.

٢ـ مكتب وكيل الوزارة.
٣ـ مديرية الديوان العامة.
٤ـ المديرية العامة للاراضي الزراعية.
٥ـ المديرية العامة للشؤون الخدمات الزراعية.
٦ـ المديرية العامة للثروة الحيوانية والبيطرة.
٧ـ المديرية العامة للري والسدود.
٨ـ المديرية العامة للتبغ.
٩ـ شركة الحفر والآبار الارتوازية ومركز البحوث الزراعية وتطبيقية.
١٠ـ المديريات العامة للزراعة والري في محافظات الاقليم.

لەم (١٠)برگەیەدا وەزارەت پێک دێت، سوپاس.

**بەڕێز د. جـــەلال شـــەفـــیق عـــەلـی:**

**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجـــوومــــەن.**

حەز دەكەم ئەو بڵێم كە (المديرية العامة وشؤون الخدمات) نییە، بەڵكو( للشؤون والخدمات) دوای (مركز البحوث الزراعية والتطبيقية)، ئەوەشی بخرێتە سەر (المديريات العامة للزراعة والري في محافظات الاقليم).

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــوومـــەن:**

پرسیارێک لە سەرۆكایەتی ئەنجوومەنەوە هەیە، كە ئایا بۆ بەڕێوەبەرایەتییەكانی پارێزگاكان بووەتەوە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی؟.

ئێستاش كێ لەسەر ئەو تەشكیلەی كە باس كراوە تێبینی هەیە؟.

**بەڕێـز حـــەســـەن عـــەبدولكەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من مەبەستم ئەوە نییە ئەو مادەمان دواخست وامان زانی مدیریاتی زۆر تیایە هەتاكو باری وەزارەت سووک كرێت، پێشان (٦) بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبوو، بەڵام ئێستا (٨)بەڕێوەبەرایەتییە و(٤)بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاكانە، واتە شتەكەیان گەورەتر كردووەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەبارەی مادە (٤)ەوە لەگەڵ برادەران لە كۆبوونەوەكەدا بڕیارمان دا كە ببێتە بەشێک لە تەشكیلاتی وەزارەتی داد، كە گفتوگۆی تەشكیلاتی وەزارەتی داد دەكەین ئەوە لایەنێكی، لایەنی دووەم بابەتی كۆمپانیا و مەركەز هەبوو ئێستاش بە شێوەیەكی گشتی لەوێدا دیاریمان كرد، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە بەڕێوەبەرایەتییەکیش هەبێت بە ناوی (اصلاح الزراعي)، جا نازانم ئێوە ڕاتان چییە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی زەوی، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەودا نیم کە ژمارەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان ئەوەندە زۆر بێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ ئەو ڕایەمە کە هەموو ئەو پسپۆڕایەتیانە دەبێت لە وەزارەتدا هەبن و، دەبینم لە ئەو هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانە هیچ باسی بەستەنە وغابات ومێرگ نەکراوە، کە دەبێ گرنگی پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی زەویوزارەوە ئێمە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زەویوزارمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی داوای ڕای برادەرانی لیژنەی کشتوکاڵ بکەین هەر پرسیارەکە ئەوەی کە بەڕێزان کردیان، پێویستی بەو هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانە هەیە، بۆ وەڵامەکەی بەڕێز کاک ئەکرەم ئەمە جاران بەش بووە و، بەڵام ئێستا بووە بە وەزارەت و، دەیکەن بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و ئەو بیروڕایەی کەهاتە پێشەوە ئەوە بوو، ئایا ناکرێت چەند بەشێک ببەسترێتەوە بە بەڕێوەبەراتی گشتییەکانەوە و، وەکو ئەوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی دابنێن.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند پرسیارێک کرا کە وا پەیوەندیی بەو بابەتەوە کە یەکێکیان بەڕێز سەید حەسەن باسی کرد، کە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان ژمارەیان زیاد بووە، خۆی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانە، لیژنەی یاسا ولیژنەی کشتوکاڵ پەسەندیان کردووە و، هیچ زیادەیەکی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام هی پارێزگاکان کراوە بە بەڕێوەبەرایەتی.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقی (١٥) بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە و، وەزارەتی کشتوکاڵی ئێمە تەنها (٥)بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە، کوردستان وێران بوو وابزانم پێویستی بە دەزگایەکی زۆرە بۆ ئەوەی لە دێهاتەکاندا کشتوکاڵ جێگەی خۆی بگرێتەوە، سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکان رای لیژنەی یاسا وابوو کە لە پارێزگاکاندا بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی هەبێت، ئەگەر ئەنجوومەنی ئیداریش هەبێت، ئەم ئەنجوومەنە بریتی بێت لە سەرۆکی بەشەکان بۆ ئەوەی کە بتوانن لە زۆر شتدا گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم لەوە زۆر دووایین، بەڕێز سەید حەسەن خاڵێکی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا بەڕێوەبەرایەتی گشتی دانراوە (٦) بەڕێوەبەرایەتی گشتی جێی خۆیەتی (٤)یش زیاد کراوە، راستە پەرلەمان رازی دەبێت، بەلام بەڕێوەبەرایەتی گشتی، بەڕێوەبەرایەتی تری لەدوا دێت و دانەنراون، ئێمە لە یاساکەش بە وەزیر دەسەلاتمان نەداوە کە بەڕێوەبەرایەتی دابمەزرێنێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە کارێکی یاسایی وهونەرییە و دەبێت رەچاو بکرێت، کە وەزیر دەسەلاتی ئەوەی نەبێت بەڕێوەبەرایەتی دابنێ وئێستاش لابرا بێت، دەبێت هەم دیسانەوە جارێکی تر لە پەرلەمانەوە بڕیاری دامەزراندنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە بدرێت.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە کەم کردنەوەی بەڕێوبەرایەتییەکان، بەرای من ئێستا وەزعمان خراپە دەبێت بەڕێوەبەرایەتییەکان کەم کەینەوە، چونکی ئێستا پێویستمان بەوە هەیە کە کەم ترین مەسرەف بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق بەگشتی (١٢)بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە، کەچی کوردستان سێ پارێزگایە و(١٠)بەڕێوەبەرایەتی هەیە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا هەندێ بەڕێوەبەرایەتی هەیە کە هیچ یاسایی نییە، بەلام کە یاساکە هاتە کایەوە ئەم

بەڕێوەبەرایەتییە دەتوانین بیکەین بە یەک بەڕێوەبەرایەتی گشتیی، ئێستا ئەگەر یاسای ژمارە(١٧)جێبەجێ کەین هیچ پێویستیەکمان بە بەڕێوەبەرایەتی زەویوزار نامێنێ، هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتی زەویوزاریش دوو ئیشی هەیە، یەکەم داگیرکردن(الاستیلاء)، دووەم ماف چەسپاندن(تثبیت الحقوق)، بەلاَم ئەگەر یاسای ژمارە(٩٠)جێبەجێ کەین هیچ ئیشێکمان بەم بەڕێوەبەرایەتییە نابێت، چونکە نە ئستیلاء ماوە و، هەموو مافێکیش چەسپاوە و هەمووی بووەتە کرێ، واتە پێویستیمان بە ئەویش نییە، پاشان بەڕێوەبەرایەتی بەنداومان بۆ چییە؟ ئێمە تەنها بۆ ئاو جۆگە دەروست دەکەین، خۆ جارێکی تر بەنداوی دۆکان ودەربەندیخان دروست ناکەینەوە، ئەمە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ چییە؟!، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە ئەگەر ئێمە ئەوەندە بەڕێوەبەرێتی گشتییمان نەبێت ئەی دەبێت ئەرکی سەرشانی ئەو جەنراڵانە چیی بێت کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دانراوەن، خۆ دەبێت بەرامبەر بەهەر یەکێکیان بەڕێوەبەرایەتییەکمان هەبێت تا بیان پارێزی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە مەسەلەکە پێشبرکێیە لە وەزارەتەکاندا، تاوەکو بزانین کێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی زۆرترە!.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ناوی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کە ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵە، بەراستی هیچ پەیوەندییەکی بە ناوەڕۆکەکەیەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەید حەسەن تێبینیەکی دەربڕی و فەرمووی وەزیر تەنها دەسەلاَتی تازەکردنەوەی هۆبەی هەیە، هەرچەندە لە بڕگەی(٢)دا دیاری کراوە کە دەسەلاَتی داوەتێ ولە مادە(٦)دا دەڵێت: (تحدد بنظام تشکیلات الوزارة وواجباتها وصلاحیات المدیریات العامة)و ئەو تەشکیلانەی کە بەڕێز کاک ئەکرەم باسی کرد لە میانەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە دا دەنرێت، واتە وەزارەت تەخویل کراوە کە هەیکەلەکە دروست بکات، هەروەها سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی زەویوزار ئەویش کۆمەڵێک ئیشوکاری هەیە، بەلاَم ئێستا کۆمەڵێک پێشنیار هەیە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە، کە یاسای ژمارە(٣٥)و بڕیاری (مجلس القیادة الثورة) ژمارە (٣٦٤و ٣٦٧)هەڵبوەشێنرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بیروبۆچوونەکان وای دەردەکەن کە، ئایا دەتوانرێت ئەم هەیکەلیەتە تۆزێ بگۆڕدرێ وکەم بکرێت،

ئەویش لەبەر ئەوەی کە باری تایبەتی وباری ئابووری ئێستای کوردستانمان لەپێش چاو بێت و،کارێکی وا بکرێت کە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بتوانێت بەئیشی یەک دوو بەڕێوەبەرایەتی هەستێت، کەواتە لێهاتووی ئیش کردن زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تۆمـا هەریری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئێمە کە یاسایەک دادەنێین بۆ ڕۆژ ودوو ڕۆژێک نییە، ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کە دەسنیشان کراون، مەرج نییە بەیانی، یا دوو بەیانی، بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری بەڕێوەبەرەکان دامەزرێنێت، ئەگەر دەتوانن ئەو نوێکاریانە بکەن و، تاوەکو بوودجەیەکی گونجاو نەبێت نەتوانن وەکالەت بدینە خەڵک کە ئیشوکارەکانیان بکەن، تکایە بە وردی تەماشای ئیشەکە بکەن وپاشان بڕیاری لەسەر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. جـەلال شـەفـیق عـەلی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بەڕێز جێگری سەرۆک فەرمووی کە من وتومە: (١٠) بەڕێوەبەرایەتی گشتی داناوە، بەڵام لە بەغدا (٢٠)بەڕێوەبەرایەتی هەیە، چونکە لە هەر پارێزگایەک بەڕێوەبەرایەتییەک هەیە و(١٩)پارێزگای هەیە وبەڕێوەبەرایەتییەکیش لە مەرکەز هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

بەڕێزت وتت (١٥)و منیش قسەکانی تۆم کرد.

**بەڕێز د. جـەلال شـەفـیق عـەلی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

(١٠) لە مەرکەزدا، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

جاتۆ باسی پارێزگاکانت نەکرد.

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئەم تەشکیلاتە بەڕاستی هەمووی پێویستە و، ئێمە پێشنیارمان کردووە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەتوانرێت (٣)بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکرێت بە یەک بەڕێوەبەرایەتی و ناوێکی تایبەتی بۆ بدۆزینەوە،( مدیريات الاراضي العامة للشؤون والخدمات زراعية الري والسدود) ئەوە کاروباری فەنییە دەتوانرێت بکرێت بە(المديرية العامة للشؤون الفنية)، سوپاس.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئێمە هەیکەلێکمان هەیە، ئەگەر بوارم دەدەن ئەوە دەیخوێنمەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئەوە مەسەلەیەکی یاسایی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی هونەرییە، ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە کە سێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکرێت بە یەک بەڕێوەبەرایەتی و ناوی بنرێت(المديرية العامة للشؤون الفنية)با دەست بەرزکاتەوە؟.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەو خاڵەی کە بەڕێز سەید حەسەن ئاماژەی بۆ کرد لە یاساکەدا هەیە و، ئێمە دەنگدانمان لەسەری کردووە، ئێمە مافمان داوەتە وەزیر بۆ دامەزراندنی هۆبە لە بەڕێوەبەرایەتییەکان، بەڵام ژمارەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە دیاری نەکراوە کە چەند بێت، سوپاس.
**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئێمە نەمان وتوە و ناشمانەوێ بەڕێوەبەرایەتی، یا هۆبەکان نوێ بکەینەوە و، ئاماژەشمان کردووە کە تەشکیلاتی وەزارەت بە چ شێوەیەک بێت، بەڵام چیی تیایە وەزیر دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت، کە لەکاتی پێویست دا ئەو هۆبانە نوێکاتەوە، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئێستا ئێمە باسی ئەو تەشکیلاتە دەکەین کە هەردوو لیژنەی کشتوکاڵ ولیژنەی یاسا کردوویانە، جا ئەگەر خەلەلێک لە یاساکەدا هەیە ئەوە ئێمە ئێستا دەنگدانمان لەسەری کردووە و، وەزارەت پاش ماوەیەکی تر دەتوانێت داوا بکات کە جارێکی تر ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
لە بنەڕەتدا پێشنیاری پرۆژەی وەزارەت کە هاتووە خۆیان دەسنیشانیان کردووە، کە هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی چەند بەڕێوەبەرایەتییەک پەیوەندیی پێوە هەیە و، دەبێت کەم بکرێنەوە و، تەنها بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بمێنێتەوە، پاشان لێرەدا چەند شتێکی هونەریی هەیە، تەکنیکی هەیە کە پێویستە ڕەچاو بکرێت و، ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە نابێت کەم بکرێنەوە، چونکە ئەوەمە پیلانی ڕژێم بوو کە کەمیان بکاتەوە ئەویش لەبەر بەرژەوەندی خۆی بووە، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**
پەیوەندیی بەو بابەتەوە هەیە کەگفتوگۆی لەسەر دەکەین.
**بەڕێز د. خەسرەو گوڵ محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئێستا لە پارێزگاکاندا نووسراوە (فرع الزراعة والري)، ئێمە دەمانەوێ ئاستی ئەو لقە کاتێ کە

سەرۆکی ناوچەی کشتوکاڵی بووە، پاشان کراوە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئێستا بکەینەوە بەلق، نازانم لق مانای چییە؟.

من تێبینیەکم هەیەلەسەر قسەکەی بەڕێز کاک ئەکرم، سەبارەت بە مەسەلەی ئەم سێ بەڕێوەبەرایەتییە کە بکرێت بە یەک بەڕێوەبەرایەتی، لەوانەیە تا رادەیەک دوو بەڕێوەبەرایەتی ئیشەکەیان لە یەکەوە نزیک بێت، بەڵام (الري والسدود) کە بکرێت بە(المديرية العامة للشؤون الفنية) چ فەنییەک، (فەنی زراعی فەنی الری)، بەراستی دوو شتی لە یەک جیاوازن، سوپاس

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێک ئاراستەی لیژنەی یاسا دەکەم سەبارەت بە برگە(٢) لە مادە (٦)دا کە دەنگدانی لەسەرکراوە و نووسراوە (تحدد بنظام تشكيلات الوزارة وواجبات وصلاحيات المديريات العامة والمديريات التابعة لها وهيئات ومراكز)، ئەگەر مەبەست ئەوە نییە وەزیر دابنیشێ بەڕێوەبەرایەتی لە نێوان ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتی دابنێ، مەبەسەت لە تەشکیلاتی وەزارەت چییە؟ ئەگەر ئێمە لێرە دابنێین بڵێین (تحدد بنظام)، ئەگەر ئێمە لێرە هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان کۆکەینەوە وبڵێین ئەو بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیی پێوە هەیە و ئەوی تر پەیوەندیی نییە، واتە پێویستی بەو دەقە نابێت و، دەقەکەش دەنگدانی لەسەر کراوە، دووەم بەڕێز کاک ئەیاد فەرمووی کە وەزیر بەکەیفی خۆی بەڕێوەبەرایەتی دادەنێ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکان مانای ئەوەیە کە هەموو پسپۆڕایەتییەک لە ناو ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانەدا لە هەیکەلی وەزارەتدا هەیە، کە ئێمە بڕیارمان لەسەر شێوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتییەکانی پارێزگاکاندا، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیارەکەی بەڕێز کاکەڕەش کە کردی، من دەگەڕێمەوە سەر خاڵی سەرەتای نیزامی ئەمە دەبوایە کاتی خۆی گفتوگۆی لەسەر بکرایە، بە رای من لە هیچ پەرلەمانێکدا نەبووە کە یاسا پاش دەنگدانی گفتوگۆی بکرێتەوە و، ئەوە شتێکی زۆر نا نیزامییە و دەمەوێ بیخەمە پێش چاوی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئێستاش نەگەڕاوینەتەوە سەری.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتە ئێستاکە پێویستە وەکو مادەیەک نەبووایە، ئەوە لە هەیکلەوە نییە، لەسەر بابەتی پەسەند کردنی یاساکەیە لەسەر هەیکەلەکە نییە، چۆن دیاری دەکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابت دەڵێی ئەمە هێشتا نەبووە کە ئێمە بگەڕێینەوە، ئێستا نەگەڕاوینەتەوە سەر هیچ شتێک واتێ گەیشتم ببوورە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(تحدد اختصاصات مديريات عامة بنظام)دەسنیشان کراوە، واتە لە دانیشتنی رابردوودا مادە(٦) پەسەند کرا و، گەڕانەوە بۆ سەری ئیشێکی نیزامی نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز کاکەڕەش مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی، یا نوێکردنەوەی نەبوو، ئەگەر ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لاببرێت تەنها (لشعب) دەمێنێتەوە و، لە وەزارەتیش حەق نییە بەڕێوەبەرایەتی دابنرێت، بەڵکو مەبەستی ئەوە بوو کە بەپێی مادەی (٦) وەزارەت حەقی هەیە نیزامێک بۆ هەیکەلی خۆی دابنێت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جا کاک ئەیاد دیسان بیخوێنەوە، وەڵامەکی من بەو شێوەیەیە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە برگە (٢)ی مادە (٦) مەبەستی ئەوەیە کە ئەرک ودەسەڵاتی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە کە سەربە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانەن لە ناو تەشکیلاتی وەزارەت هەیە و، بە نیزامێکیش دیاری دەکرێت.

٢ـــ (تحدد بنظام تشكيلات الوزارة واجبات وصلاحيات المديريات العامة والمديريات والتابعة لها والهيئات والمراكز)، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەستی من ئەوە نەبوو بگەڕێمەوە سەری، بەڵام خۆی تەشکیلاتی وەزارەت بڕیار دراوە کە لە دەسەڵاتی وەزیر خۆیدا بێت، کە ئەویش هەیکەلی خۆی دروست کرد، واتا ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانەی کە بەڕێز کاک ئەکرەم باسی کرد لە ناو هەیکەلەی ئەو پسپۆڕایەتییەدایە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من خاڵێکی نیزامیم هەیە، ئەویش کە بۆ هەموو وەزیرێک هەیە بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا بکات و، بۆی هەیە گفتوگۆش بکات، بەڵام تەنها لەکاتی

دەنگدان دا ناتوانێت بەشداری بکات، بۆیە بەڕێز کەمال موفتی بۆی هەبوو کە قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

من داوای لێبوردن لە بەڕێز کەمال موفتی دەکەم، چونکە وا تێگەیشتم کە لەسەر بابەتی پێشمەرگە بدوێت، جا ئێستا فەرمو کاک کەمال.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رای بەڕێزان کاک ئیبراهیم وکاک شەوکەت دەکەم، ئێمە کە ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە دادەنێین دەبێت هەنگاو بە هەنگاو پەرەیان پێ بدەین، نەوەکو کەمیان کورتیان کەینەوە و، ئەوەی کە بەڕێز کاک ئەکرەم باسی کرد زۆر لە جێی خۆیەتی، ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ وبەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداوەکان بەیەکەوە بن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

با لیژنەی یاسا بفەرموون پێشنیارەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

المادة الرابعة: تكون تشكيلات مركز الوزارة العامة وتتألف من المديريات التالية:

١- مديرية الادارة والافراد.

ب - مديرية الحسابات والتدقيق.

جـ - مديرية التخطيط والمتابعة.

د- الدائرة القانونية.

٤- المديرية العامة للزراعة:

أ- البستنة: مدير البستنة والغابات والمراعي الطبيعية.

ب - مديرية التجهيزات الزراعية.

جـ - مديريات الزراعة في محافظات الاقليم.

٥- المديرية العامة للاراضي:

أ- وتتألف من المديريات التالية:

١- مديرية الاراضي.

٢- مديرية المساحة.

٦- المديرية العامة للري والسدود وترتبط بها مديريات الري والسدود في محافظات الاقليم.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی بۆ چی باسی بەیتەریەتان نەکردووە؟.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

ئەوە پێشنیاری لیژنەیە کە ئەوانە دابنرێت.

٧ــ المديرية العامة للثروة الحيوانية والبيطرة وترتبط بها مديريات البيطرة والثروة الحيوانية في محافظات الاقليم.

٨ــ المديرية العامة للتبغ وترتبط بها مديريات ومراكز تحسين التبغ في محافظات الاقليم.

٩ــ الشركة لحفر الآبار الارتوازية ومراكز البحوث الزراعية التطبيقية.بەڕێز فەرەنسۆ هەریری:

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

ئەو پێشنیارەی کە لەلایەن لیژنەی یاساوە کراوە، پێموایە لەگەڵ ڕێزم بۆیان ئەمە کاری ئەوان نەبوو، ئەگەر پێشنیاری تازەش هەیە، پێویستە لەگەڵ ئەو لیژنە پسپۆڕەی کە دانرا بوو گفتوگۆیان بکردایە و، لەگەڵیاندا ڕێککەون، پاشان پێشنیارەکە پێشکەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومــــەن.**

ئێمە وامان پێباش بوو کە ئەو پێشنیارە پێشکەش بکەین، هەرچەندە پێشنیارەکەش شتێکی مولزەم نییە بە هیچ کەسێک وبە ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

ئەگەر بەڕێز کاک عەدنان پێشنیارەکەی وەکو ئەندامێک پێشکەش بکات، جیاوازی دەبێت لەوەی کە وەکو لیژنەی یاسای پێشکەشی بکات.

**بەڕێز ئەکرەم عـزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومــــەن.**

پاش ئەوەی کە لەگەڵ بەش وهۆبەکان وپسپۆڕانی کشتوکاڵیدا گفتوگۆ ولێتوێژینەوەیەکی زۆرمان کردووە، گەیشتووینەتە ئاکامەی ئەو پێشنیارەی کە پێشکەشی ئێوەی بەڕێزمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

ئەم مەسەلەیە زۆری خایاند، ئێستا لیژنەی کشتوکاڵ و وەزارەتی کشتوکاڵ دارشتنێکیان پێشکەش کردووە، لەو دارشتنەدا نوێنەری لیژنەی یاساش بەشدار بووە، جا ئێستا کێ لەگەڵ ئەودایە کە ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، بەڕێز کاک ئەیاد با بفەرمووێت پێشنیارەکە بخوێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

تكون تشكيلات الوزارة والمديريات العامة كما يلي:

١ــ مكتب الوزير.

٢ــ مكتب وكيل الوزارة.

٣ـ مديرية الديوان العامة.
٤ـ المديرية العامة للري والسدود.
٥ـ المديرية العامة للثروة الحيوانية والبيطرة.
٦ـ المديرية العامة للتبغ.
٧ـ شركة الحفر والآبار الارتوازية ومراكز البحوث الزراعية والتطبيقية.
٨ـ المديريات العامة للزراعة والري في محافظات الاقليم.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.

پاش ئەوەی کە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ مادە بە مادە خوێندرایەوە و دەنگدانیشی لەسەر کرا، ئێستا یاساکە بە گشتی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ یاساکەدایە بە گشتی با دەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟کەواتە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

خاڵی سێیەم بەرچاو خستنی پرۆژەی یاسا و ڕێز لێنانی پێشمەرگە و شەهیدان وبزربووەکان.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەرچەندە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ تەواو بوو ودەنگدانیشی لەسەر کرا، بەڵام باسی کێشەی زەویوزار و یاسای ژمارە(٩٠)مان نەکردووە، کە هەر لەسەرەتای دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە ئێمە ئەم باسەمان خستووەتە ڕووەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕۆژانە لە ڕۆژنامەکاندا دانیشتنەکانی ئێمە بڵاو دەبێتەوە، بەڵام نازانم بۆ ئەو ڕۆژە لە دانیشتنەکەدا ئەو خەڵکەی کە سەربە دەزگا ڕاگەیاندنەکان بوون دەرکرانە دەرەوە!، هەرچەنە ئەوان لانسی خۆیان وەرگرتووە، پاش (٥)دەقیقە دەچنە دەوەوەی هۆڵەکە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە پێی پێڕەوی ناوخۆ دانیشتن هەیە کە نهێنییە ونابێت کەس لە ژوورەوە بمێنێت و، هەندێ جاریش خۆمان بە شوێنیاندا دەنێرین کە بێن دانیشتنەکانمان بە تەواوی بۆ بڵاو بکەنەوە، وەکو ئەوەی کە ڕایەک هەیە دەڵێت: ئاشکرایی بناغەی دیموکراتییەتە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر لەبارەی نهێنی و ئاشکرایی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانەوە، پێویستە ئەو ڕەوتەی کە لە سەری

# یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری

**مادەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی کشت وکاڵ وئاودێری.

٣- وەزیر: وەزیری کشت وکاڵ وئاودێری.

٤- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی کشت وکاڵ وئاودێری.

**مادەی دووەم:**

وەزارەت ئەم ئەرکانە بەجێ دێنێ:

١- دانانی نەخشەی کشت وکاڵی ی ئەوتۆ کە گەشەپێدانی بەرهەمی کشت وکاڵ ولەبوارەکانی رووەک وئاژەڵ وپاوانە سروشتییەکاندا بەدی بێنێ.

٢- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بواری رێ نیشانداندا و مسۆگەر کردنی پێویستی یەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ وسازدانی لێکۆڵینەوەی کشت وکاڵی ی پراکتیکی وبەشدار بوون لەچەسپاندنی هاریکاری کشت وکاڵی و سەرپەرشتی کردنی بەجێهێنانی یاساکانی زەوی سازی (الاصلاح الزراعی) و بەدواداچوونی جێ بەجێ کردنی ئەو چالاکی یانەی پەیوەندی یان بەخستنەکاری زەوی یە کشت وکاڵی یەکانەوە هەیە بە ئامانجی پێشخستنی بەرهەمی کشت وکاڵ لەهەرێمدا.

٣- نەخشەدانان بۆ سەرچاوەکانی ئاو لەهەرێمدا ودروستکردنی بەربەست وپرۆژەی ئاودێری وسازدانی زەوی وزار وپاراستنی وسوودبینین لەئاوی نزیک وقووڵی ژێر زەوی(سطحی وجوفی) وبەگەرخستن وپاراستنی پرۆژەکانی ئاودێری وبەرگرتن لەمەترسی ی لافاوو ژێر رکێف خستنی سێلاوو حەوزەکانی رووبارەکان.

٤- ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی تایبەتی وسکێچ وپرۆگرام بۆ پرۆژەکان وکارکردن بۆ جێ بەجێ کردنیان وجێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی راستەوخۆ لەلایەنانی ترەوە لەناوەوە ودەرەوەی هەرێمدا پێ یانی دەسپێردرێن بە سیفەتی بەڵێندەر یالەلایەن دەزگا جێ

بەجێکارەکانییەوە یا بەڵێندەرەکانی ناوخۆ یابیانی وسەرپەرشتی کردنی جێ بەجێ کردن وبەدواداچوونیان.

٥- تەقەلادانی مسۆگەرکردنی تۆوی پوختکراوو سەمادی کیمیاوی وقەلاچۆکەر(مبیدات) ودابینکردنی دەرمان وگرتنەبەری ئەورێ وشوێنانەی زیاد کردنی بەرهەم وپوختکردنی مسۆگەر دەکەن.

**مادەی سێ یەم:**

١- وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە وبەرپرسیاری یەکەمی جێ بەجێ کردنی سیاسەتەکەی وسەرپەرشتی جێ بەجێ کردنی یاساو پێڕەوو ڕێنمایی یەکانە تیادا وهەر لەویشەوە بڕیار وفەرمانەکان لە چوارچێوەی ئەرکەکانی وەزارەت ودام ودەزگا ودەسەلاتەکانی و گشت کاروبارە ئیداری و هونەری یەکان لەچواچێوەی ئەم یاسایەویاسا ڕەچاوکراوەکانی تردا دەردەچن بۆیشی هەیە بەشێک لە دەسەلاتەکانی بەبریکاری وەزارەت وبەڕێوەبەرە گشتی یەکان وسەرۆکەکانی دایەرە سەرەکی یەکان لەوەزارەتدا بسپێرێ لەبەرامبەر ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا بەو ئیعتیبارەی ئەندامێکی هاوبەشێتی بەر پرسیارە.

٢- بریکاری وەزارەت ئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کە وەزیر پێ یانی دەسپێرێ.

**مادەی چوارەم:**

دام ودەزگاکانی مەڵبەندی وەزارەت وبەڕێوەبەرێتی یە گشتی یەکانی بەم جۆرە دەبێ:

١- نووسینگەی وەزیر.

٢- نووسینگەی بریکاری وەزارەت.

٣- بەڕێوەبەرێتی گشتیی دیوان.

٤- بەڕێوەبەرێتی گشتیی زەوی وزاری کشتوکاڵی.

٥- بەڕێوەبەرێتی گشتیی کاروبار وخزمەتگوزاری وکشتوکاڵی.

٦- بەڕێوەبەرێتی گشتیی ئاودێری وبەربەستەکان.

٧- بەڕێوەبەرێتی گشتیی سامانی ئاژەڵ وتەندروستی ی ئاژەڵ.

٨- بەڕێوەبەرێتی گشتیی تووتن.

٩- کۆمپانیای هەڵکەندنی بیری ئیرتوازی ومەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەی پراکتیکیی کشتوکاڵ.

١٠- بەڕێوەبەرێتی یە گشتییەکانی کشتوکاڵ وئاودێری لە پارێزگاکانی هەرێمدا.

مادەی پێنجەم:

هەریەکێ لەبەرێوەبەرێتی یەگشتی یەکان مووچەخۆرێک بەپلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا کەباوەڕنامەیەکی زانکۆی هەبێ ولە کارمەندان وپسپۆڕانیش بێ.

مادەی شەشەم:

١- وەزیر بۆی هەیە دەستە ولیژنەی هەمیشەیی یەکانی بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکێکی دیاری کراوپێک بێنێ.
٢- دام دەزگاکانی وەزارەت وئەرک ودەسەلاتەکانی بەرێوەبەرێتی یە گشتی یەکان وبەرێوەبەرێتی یەکانیان ودەستە ومەڵبەندەکان بەپێرەوێک دەسنیشان دەکرێن.
٣- وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا ولەچواچێوەی بەرێوەبەرێتی یەکاندا لق(شعبە) پێک بێنێ.

مادەی حەوتەم:

گشت مافەکانی ئەو دام ودەزگایانەی لەوەوبەر بەوەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری ی ناوەندی یەوە بەسترابوونەوە، دەبنە مافی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری ی هەرێم.

مادەی هەشتەم:

دەبێ وەزیرە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی نۆیەم: ئەم یاسایە لەڕۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی رەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## «هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە»

لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە دێر زەمانەو ناوچەیەکی کشتوکاڵی بووە بەمەبەستی پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵ و ئاژەڵ وبایەخدان بەسەرچاوەکانی ئاوو بەپرۆژەکانی ئاودێری لە

هەرێمدا پەرەپێدانیـان بە ئامانجی زیاد کردنی بەرهەم وچاککردنی جۆری وگەشـەپێکردنی بەرهەمی کشـتوکاڵ وئاژەڵ کە باشترین شێوەی بەکارهێنانی توانای مادی ومرۆیی لەهەرێمدا بەدی بێنێ و بەنیـازی سـازدانی بارودۆخـێکی گونجـاو بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوند وشـاروچکە وێرانکراوەکانی کوردستان وبۆ بەدیهێنانی خود کیفایەتی (ئیکتیفای ذاتی) لە ئێسـتادا لە بەرهەمهێنانی کشـتوکاڵ و ئاژەڵداو هاندانی دانیشـتووانی ئەو گوندانە کە بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان و بیان بووژێننەوە زەرعاتیان تێدا بکەنەوە ئینجا لەبەر پێکهاتنی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ودامەزراندنی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری، ئەم یاسایە دەرکرا.